# بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی هەشتەم ژمارە (169) بەرواری 15-6-2024 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە...دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لینین...


بەشی حەوتەم و کۆتایی...ل11

## وتەی ژمارە

## پەسەندکردنی خشتەی موچەو ڕێگاچارەی پرسی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان

عەبدوڵا مەحمود

بەم دوایانە پەرلەمانی عیراق، خشتەی موچەی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ پەسەند کرد. کە بڕەکەی زیاتر لە 211 تریلیۆن دینارە و نزیکەی 12 تریلیۆن دیناری بەراورد بە ساڵی 2023 زیاتر بووە. لەو بڕە پارەیە 20.9 تریلیۆن دیناری پشکی هەرێمی کوردستانە، و مانگانە ٩٦٥ ملیار دیناری بۆهەریمی کوردستان دیاری کردووە. سەران و بەرپرسانی بریار بەدەستی هەرێم، خۆشحاڵی خۆیان



به پەسەندکردنی خشتەی موچەو بەرکەوتەی هەرێم دەربڕی و وەکو سەرکەوتنێکی گەورە خستییە ڕوو. دیارە پێشتر و هەموو ساڵێک لەگەڵ پەسەندکردنی بودجەو پشکی هەرێمدا یان سەردانی هەر شاندێکی هەرێم بۆ بەغدا، هەواڵی سەرکەوتن و چارەسەری کیشەکانیان لەگەڵ بەغدا ڕادەگەیەنن، کەچی زۆر زوو هات و هاواری پابەند نەبوونی بەغدا و کیشەی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم سەرهەڵدەداتەوە. ئەمجارەش لەگەڵ ئەوەدا خشتەی موچە پەسەندکراوە، کەچی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەران دوا دەکەوێت.

هۆکاری دواکەوتنی موچە و جیٚ بەجێنەکردنی ڕێکەوتنامەکان، کابوسیکە بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە. پرسی دیاریکردنی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێم، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە پابەند بوونی دەسەلاتی هەریم بە ناردنی داهاتە نەوتی و نانەوتیەکان و دابەشکردنی لەرێگای بانقەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم و ناردنی لیستی وردی موچەخۆرانی هەرێم. دەسەڵاتی هەرێم لەگەل ئەوەدا بەڵین دەدات و واژۆی ڕێکەوتنامەکان دەکات، بەڵام بەکردەوە خۆی لە جێبەجێکردنی ئەوە بەندانە دەدزێتەوە کە دەکەوێتە سەرشانی دەسەڵاتی هەرێم... تا ئیستاو دوای چەندین ریکەوتننامە بەپێی قسەی بەرپرسانی بەغدا هیشتا دەسەڵاتی هەرێم نەک داهاتی نەوتی و نا نەوتی ڕادەستی بەغدا ناکات، بەڵکو ئاماری دزی و بەقاچاغ فرۆشتنی نەوتی هەرێم ڕادەگەیەنن و لەوەش زیاتر داهاتی نانەوتی نەک ڕادەست ناکەن، بەڵکو ئاماری ساختە و دوور لە ڕاستی سەبارەت بەو داهاتە دەخەنە ڕوو.

بۆ لاپەڕە 2

## لەپێشوازی ڕۆژی جیهانی پەنابەراندا...

٢٠ ئەم مانگە ڕۆژی جیهانی پەنابەرانە، کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم ڕۆژەی بۆ بەرگری لەمافەکانی پەنابەران دیاری کردووە.



ئەمساڵ لە کاتێکدا ڕووبەڕووین لەگەڵ لەرۆژی بەرگری لەمافی پەنابەراندا، کە سیڵاوی پەنابەران و ژیانی پەنابەری هێشتا یەکێک لە دیاردە بەرجەستەکانی دنیای ئەمرۆیە... ئەمە نەک تەنها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەڵکو بەشێکی ئەوروپاشی گرتۆتەوە و تادێتیش سایەی نەنگینتری هەرەشە لە... ملیۆنەها ئینسان دەکات. ڕاکردن لە دەستی جەنگ و نائەمنی، بێمافی و برسێتی و وشکەساڵی، لافاو روداوە

بۆ لاپەڕە 3

## بۆچی؟



بۆچی بەغداو هەرێم هەمیشە لە کێشەدان؟ بۆچی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم پابەندی هیچ کام لە ڕیکەوتنامەکان لەگەڵ بەغدا نابێت؟ بۆچی پرسی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێم بەجێگایەک ناگات؟ بۆچی دەسەڵاتی هەرێم داهاتی نەوتی و نانەوتی ڕادەستی بەغدا ناکات؟ بۆچی فرۆشتنی نەوت بە قاچاغ لە هەرێمدا دریژەی هەیە؟ بۆچی خاڵ و بازگە سنورییەکان، لەلایەن حزبەکانەوە دەستی بەسەردا

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* خۆشباوەڕی بەهەڵبژاردن.......................................................................ل4
* بنار مستەفا وەڵامی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە.......................................ل5
* دۆستی کورد....................................................................................ل6
* ڕایەڵەی خزمایەتی نێو دەسەڵاتدارانی ئەوروپا......................................ل7


## پۆزش

داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بۆپێشەوە بەتایبەتیش لە خوێنەرانی گۆشەی دۆسیەکان دەکەین. بەهۆی پێشهاتێکی نەخوازراو بۆ ئەم ژمارەیە دۆسیەکەمان ئامادە نەبوو...

## سزای لە سێدارەدان دزێوترین شێوازی کوشتنی بە مەبەستە...



بەبۆنەی هەفتەی مەنسور حیکمەت(4– 11) یونی

دیمانەیەکی تایبەت سەبارەت بە سزای لە سێدارەدان لە لاپەڕە 9ـ10... دەخوێنێنەوە

ل8 گۆشەی ئەدەب و هونەر | ل5 پرسی ڕۆژ

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی وتەی ژمارە

ئەم شیوە لە مامەڵەی دەسەڵاتی هەریم، وای کردووە خەلکی کوردستان بەگشتی و موچەخۆران باجەکەی بدەن و گیرفان و سفرەکانیان خاڵی بێت. لەوەش زیاتر خەڵکی کوردستان گەواهی ئەوە دەدەن کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەرپرسی ئەو دۆخەن و سەرچاوەی بە برسی هێشتنەوە و دواکەوتنی موچەکانیانن.

ریشەی ئەو مامەڵەی دەسەلاتی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتی فیدرالی بەغدا، لە دۆخی سیاسی دەسەڵاتی هەرێم و ئەو ئەزمەیەیە کە لەهەموو ئاستەکاندا رووبەرووی بۆتەوە، لە پێشیانەوە دەستکۆتاکردنیانە لە بریاری سیاسی و بچوکردنەوەیان و نەمانی هەژموونیانە بەسەر جغرافیای سیاسی هەرێمدا.

پابەند نەبوونی هەرێم بە بریارەکانی دادگای فیدرالی بەتایبەتیش لە پرسی دارایی و موچەدا، دواین هەوڵ و بەرگریی سلبیی دەسەڵاتی بۆرژوای کوردە لەبەرامبەر بە هەژمونی رۆژ لەرۆژ زیاتری بەغدا بەسەر هەرێمدا. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، کە دوای سی دەهە لە دەسەڵاتدایێتی رەها لەهەرێمدا نەیتوانی لە هیچ ئاستێکدا ئەزموونێکی جوان نیشانی خەڵکی کوردستان و ناوچەکە بدات، بوو بەقوربانی چاوچنۆکی و بێ سەرەوبەرەیی و دزی و تاڵانی. هاوکاتیش لە چاو و دیدی خەڵکی کوردستاندا بووەتە غولێکی بێزراو نەفرەتلێکراو تا ئەو رادەیەی کە چاوی ئومیدیان ببرِنە بەغدا و بۆ چارەسەری کیشەی ژیان و گوزەرانیان پەنا و هاوار بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ و تاوانکاری بەغدا و دادگای فیدرالی ببەن.

خودی ئەم دابرانە لە نیوان جەماوەری کوردستان و دەسەلاتی بۆرژوازی کوردا، تا رادەی رووبەرووبونەوەی ئاشکراو ململانیی هەموو رۆژە لە بەرامبەر بەیەکتریدا، شکستێکە کە زەمینەی شکستی لەبەرامبەر بە بەغدا و باڵەکانی بۆرژوازییدا، ساناتر کرد. هیچ بەشێک لە خەلکی کوردستان نەک ئامادەنین بەرگری لە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بکەن، بەڵکو بۆ رزگارییان لە دەسەلاتی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی ئامادەی دەست دریژ کردنن بۆ هەر هێز و لایەنێک کە زوتر دەسەلاتی هەریمیان لە کۆڵ بکاتەوە.

بۆرژوازی کورد، کە بەداهاتی ناوخۆی نەوتی و نانەوتی دەیتوانی و ئیستاش دەتوانیت، موچەی موچەخۆران بدات و خزمەتگوازرییەکان دابین بکات، خۆی لەو ئەرکە سادەیە دزییەوە، لەپەیوەند بە ریکەوتنەکانی لەگەل بەغداشدا، بەهەمان شێوە دەیەوێت پابەندیەکانی خۆی جیبەجێ نەکات. ئەو سیاسەتە کە بۆرژوازی کورد بەدەستیەوە گرتووە ئەو سەرەکەی دیارە کە شکستە... هەر دەسەلاتیک کەوتە بەرامبەر بە خەلکەکەی خۆی، نەک هیچ شانسی بۆ هیچ سەرکەوتنێک نییە، بەڵکو مانۆرەکانیشی بەجیگایەک ناگەن.

ئەوەش رۆشنە ئەم ململانێی و هێنان و بردنە لە نیوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقیدا بەتایبەت لەنیوان بۆرژوازی کورد و عەرەبدا، لەسەر پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم و هەناردەکردنەوەی نەوت و پرسی رادەستکردنی داهاتی نانەوتی و ... لەیەک وشەدا لەسەر داهات و دەسەڵات، درێژەی دەبێت. بۆرژوزی لە عێراقدا هیشتا لە بەغداوە توانای ئەوەی نییە، بەتەواوەتی ناسیونالیزمی کورد لغاو بکات. دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیش کە تاکو ئیستا قەڵەمرەوی هەرێمی بەدەستەوەیە بە سانایی دوای نەفەسی سیاسی و بریاری ئیدارەدانی کوردستان ناخاتە بەردەم دەسەڵاتی فیدرالی... لەو نێوەدا خەڵکی کوردستان دەبنە قوربانی و باجی ئەو ململانێیە دەدەن کە لەکۆتاییەکانی خۆی نزیک بۆتەوە.

لەم دۆخەدا و لە نیوان بێنەو بەردەی هات و نەهاتی موچە، ناردنی موچە، ئەژماری من و تەوتین... تاد. رێگای کارساز و کردەنی هەیە کە موچەخۆران بەدەستیەوە بگرن... یەکێک لەو رێگایانە دەستبەسەراگرتنی داهاتی ئەو دائیرەو دامەزراوانەیە کە داهاتیان هەیە... وەکو هاتوچۆ، تاپۆ، کارگەگان، ئاو و کارەبا، خەستەخانە.... وە کۆنترۆڵکردنی خاڵ و بازگە سنوری و گومرگیەکان... داهاتی ئەوانە دەتوانێت پرسی موچە بەزیادەوە چارەسەر بکات... رێگای دووەم ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان مادام متمانەیان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نەماوەو بۆرژوازی کوردیش بایی سەرە دەرزییەک بە خەمی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە نییە، کاتی ئەوە هاتووە فەرمانبەران و موچەخۆران، چیتر چاوەروانی مانۆری هاتن و چوونی وەفدی حزبەکان نەبن، بەتایبەتی کە دەمێکە ئەوە رۆشن بۆتەوە سەرانی حزبەکان، دوورو نزیک نوێنەرایەتی هیچ خواست و داوایەکی خەڵکی کوردستان لە بەغدا ناکەن و لە هەریمیش کارنامەیان دیارە، لەجێگای ئەوە پیویستە کە نوێنەرانی فەرمانبەران و موچەخۆران لەگەڵ کەسایەتییە دڵسۆزەکانی تر لە ناو کۆمەڵگەدا، شاند دروست بکەن و وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بچنە بەغدا چ بۆ پرسی موچەو چ بۆ پرسەکانی تر... وە بەغدا ناچار بکەن ئەوان وەکو نوینەری خەڵکی کوردستان قبوڵ بکەن. ئەوە کارێکی کردەنی و ئەزمونیکە کە دەتوانێت کۆتایی بە پرسی هات و نەهاتی موچە و هەم بە نوێنەرایەتی ساختەی حزبەکانی بۆرژوازی کورد بهێنێت. هەنگاوێکی لەو بابەتە نەک پرسی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێم، بەڵکو دەتوانێت رێرەوێکی تر بخاتە بەردەم ئاییندەی سیاسی کوردستان و دوبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی هەرێمی کوردستانیش بە بەغداوە.

**ناوەراستی یونی ٢٠٢٤**

**لەم دۆخەدا و لە نیوان بێنەو بەردەی هات و نەهاتی موچە، ناردنی موچە، ئەژماری من و تەوتین... تاد. رێگای کارساز و کردەنی هەیە کە موچەخۆران بەدەستیەوە بگرن... یەکێک لەو رێگایانە دەستبەسەراگرتنی داهاتی ئەو دائیرەو دامەزراوانەیە کە داهاتیان هەیە... وەکو هاتوچۆ، تاپۆ، کارگەگان، ئاو و کارەبا، خەستەخانە.... وە کۆنترۆڵکردنی خاڵ و بازگە سنوری و گومرگیەکان... داهاتی ئەوانە دەتوانێت پرسی موچە بەزیادەوە چارەسەر بکات...**

**پابەند نەبوونی هەرێم بە بریارەکانی دادگای فیدرالی بەتایبەتیش لە پرسی دارایی و موچەدا، دواین هەوڵ و بەرگریی سلبیی دەسەڵاتی بۆرژوای کوردە لەبەرامبەر بە هەژموونی رۆژ لەرۆژ زیاتری بەغدا بەسەر هەرێمدا. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، کە دوای سی دەهە لە دەسەڵاتدایێتی رەها لەهەرێمدا نەیتوانی لە هیچ ئاستێکدا ئەزموونێکی جوان نیشانی خەڵکی کوردستان و ناوچەکە بدات، بوو بەقوربانی چاوچنۆکی و بێ سەرەوبەرەیی و دزی و تاڵانی. هاوکاتیش لە چاو و دیدی خەڵکی کوردستاندا بووەتە غولێکی بێزراو نەفرەتلێکراو تا ئەو رادەیەی کە چاوی ئومیدیان ببرنە بەغدا و بۆ چارەسەری کیشەی ژیان و گوزەرانیان پەنا و هاوار بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ و تاوانکاری بەغدا و دادگای فیدرالی ببەن...**

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە..

# درێژەی: لەپێشوازی ڕۆژی جیهانی پەنابەراندا...

سروشتییەکان، بی ئاییندەیی و هەرەشەی مەرگی سیستەمە دیکتاتۆرەکان لە ئینسان، سەربەزرکردنەوەی راسیزم و جیاکاری، شۆڤینیزم و نەتەوەپەرستی، دین و کۆنەپەرستی ئیسلامی....تاد بە ملیۆنەها ئینسانی ناچار بەوە کردووە، شوێنی هەرە ئازیزو لێوان لێو لە یادەوەری خۆیان بەجێ بهێڵن و لە جێگایەکی تر ژیان بدۆزنەوە، کە زیندومانەوەو ژیانکردنیان زامن بکات.

هەموو ئەو ئینسانانە کە ناچار کراون شوینی خۆیان جێ بهێڵن و جیگاو جغرافیایەکی تر بکەنە پەنا و نوایەکی ئارام، ناویان نراوە پەنابەر، بەو هۆیەوە ناچار بە پەنابردن بۆ جێگای تر کراون. ئەمانە ئینسان گەلێکی ملیۆنین، لەگەڵ هەر جەنگێک و هەر دەسەڵاتێکی ستەم گەردا، لەگەڵ هەر تسۆنامی و روداوێکی سروشتیدا... زیاد دەکەن ئاماری پەنابەرانیش بەخێرایی هەڵدەکشیَ. ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران لە بنەڕەتەوە بۆ بەرگری لەمافی پەنابەران و بۆ هاوکاری و بە تەنگەوە چوون و گرتنەبەری ڕیگاو ریکاری ئینسانییە بۆ هاوکاری ئەو ئینسانانەو دانی مافی پەنابەرێتی بۆیان، کەچی بەداخەوە بەهەر ئەندازە ئاماری پەنابەران هەڵدەکشێت و قوربانیانی زۆتر دەبن، لە بەرامبەردا و بەکردەوە رۆڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوەی پەنابەرانی سەر بەو ڕێکخراوەیە، بێدەربەستر و نا مرۆیی تر مامەڵەی ئەو ملیۆنەها ئینسان پەنابەرە دەکەن، کە بەشێکی هەرەزۆریان قوربانی دەستی هەمان ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانن، کە لەڕیگای دەستێوەردان و سەپاندنی ئابلۆقەو بریاری سیاسی دڵرەقانەو سود پەرستی، بەشیکی زۆری وڵاتانی دەرگیر لە پشیوی سیاسی و جەنگیان گۆریوە بە سەرزەمینێک کە ژیان و مانەوە تیایدا سەخت و ئارامی تیایدا ون، ئیرادەی ئینسان تیایدا وردکراوە.

ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە جێگای ئەوەی ڕیکاری دەربازکردنی ئینسانی دەرگیر لە جەنگ و برسێتی و نائەمنی و نائارامی بێ گوێدانە جغرافیا و حەوزە جیاوازەکان و رەنگی پێست، مامەڵە بکات و ئەرکی دەربازکردن و جیگیرکردنیان لە وڵاتانی تر و زەمانەتی ژیان کردن و تیکەڵاوکردنیان زامن بکات، خۆی بۆتە حەربەیەک بۆ جیاکاری و دابەشکاری و ناوەندێک بۆ زۆربوونی قوربانیەکانی. جیا لەوانەش لەناوەندی وڵاتە بەناو دیموکراسی و سەردەمیەکاندا، نەک مامەڵەی کەسانی بێچارە و دانی مافی پەنابەرێتی تا بلێی سەخت و قورس کراوە، بەڵکو بەپاساوی جۆراوجۆر سەدان هەزار ئینسان کە دەیان ساڵە مافی پەنابەرێتیان وەرگرتووەو لەگەڵ ئەو وڵاتانە تیکەڵاو بوون، هەرەشەی دوبارە گێرانەوەو دەرکردنیان لەسەرە. تەنانەت لە بەندو بەستی سیاسیدا، پەنابەران مامەڵەیان پێوە دەکرێت و کەسایەتی سیاسی رادەستی رژیمە دڕندەکانی دژ بە ئازادی و ئازادیخوازی دەکرێنەوە.

ئەو وڵاتانەی هەمیشە بانگەشەکانی مافی مرۆڤ... بەرز دەکەنەوە بە دنەدانی راسیزم و جیاکاری و دۆخێکیان خولڵقاندووە، کە بەکردەوە بەهای مافی مرۆڤیان، پێچاوەتە بەرژەوەندییەو سیاسی و ئابوری و دیبلۆماسیەکانیان و هەموو رۆژێک قوربانیانی ئەم هەلومەرجە دەبینرێت.

ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە ئێستادا نەک پابەندی سەرەتاییترین بەڵینەکانی نابێت کە بۆی پێکهاتووە، بەڵکو چاو لە راستییە رۆشن و بینراوەکانی دۆخی پەنابەران دادەخات و مافە سەرەتاییەکانی پەنابەران، وەکو وەسیلەیەکی سیاسی و بۆ مامەڵەی تایبەت بەدەستەوە دەگرێت.

جێگای خۆیەتی ڕێکخراوە پەنابەرە ئینسانی و پێشکەوتنخوازەکانی، دەرەوەی ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران، هێندەی بۆیان دەکرێت هاوئاهەنگانە، مامەڵەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان ئیدانە بکەن و بەڵگەنامەی رەفتارەکانیان بخەنەڕوو، وە گوشار بهینن یان ئەوەی پابەندی بەڵینەکانی بێت، یان خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و بەدیلی ئەو لە ئاستی دنیادا دروستبکرێت، کە بەرگری لەمافی پەنابەران بە پێودانگێکی ئینسانی بەرابەر بەدەستەوە بگرێت و بەکردەوە ببێتە پشت و پەنای پەنابەران و قوربانیانی کەم بکاتەوە.

بۆپێشەوە

# درێژەی: بۆچی

گیراوە؟ بۆچی دەسەڵاتی هەرێم لە داهاتی ناوخۆ موچە دابەش ناکات؟ بۆچی گرژی نیوان پارتی و یەکیتی بەردەوامە؟ بۆچی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی لەهەریم لە دەسەڵات بودەڵەترە؟ بۆچی نووسەر و رۆشنبیرانی ناسیونالیست و ئیسلامی، ئیرادەو بریاری خۆیان لە ئامێزی حزبەکانیان و بزوتنەوەکەیاندا، تواندۆتەوە؟ بۆچی لەهەریمدا میدیاو رۆژنامەو گۆڤار و ماڵپەری... ئازاد بوونی نییە؟ بۆچی ئەو هەموو مێژوو نووس و بیرەوەری گێرەرەوە، قارچک ئاسا پەیدا بوون؟ ئەو هەموو شاعیرە بێ ئیلهام و ئەدیب و هونەرمەند ئاست نزمە، بەرهەمی چ ژینگەیەکن؟ بۆچی هیچ هەڵبژرادنێک لە هەرێمدا ناتوانێ گوارانکاری بەرجەستە بکات؟ بۆچی هەڵبژاردن ریگایەک بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات نییە؟ بۆچی زوربەی حزبە سیاسییەکانی هەریم بەرەو دەسەڵاتی وراسی" بۆماوەیی" ملیان نا؟ بۆچی لە هەرێمدا بکوژی رۆژنامەنووسان نادۆزرێنەوە؟ بۆچی ئاستی هونەری بەرەو داکشان دەچێت؟ بۆچی کتێبخانەکان سیخناغ کراون لە کتێبی ناماقوڵ و ئاست نزم وەرگێرانی خراپ؟ بۆچی کتیب خوێندنەوە بەرەو خوار چووە؟ بۆچی ژن کوشتن لەهەریمدا بۆتە دیاردەو بکوژانیان، دەستگیر ناکرێن؟ بۆچی گۆرستانی بێناونیشانی ژنان هەیە؟ بۆچی نائەمنی شوێنی کار، بەو ئەندازە زۆرە گیانی کریکاران دەکێشێت؟ بۆچی دامەزراندن نییەو رۆژ بەرۆژ ریژەی بێکاری هەڵدەکشێت؟ بۆچی سواڵکردن و گەدایی لەبەرین بوونەوەدایە؟ بۆچی مەلاکان و پیاوانی ئاینی دەست وەردەدەنە وردو درشتی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی؟ بۆچی موچەی پلەبالاکان وەزیر و جیگر و راوێژکارەکانیان، موچەی ئەندام پەرلەمان و خانەنشینانیان، موچەی بەرپرسە ئەمنییەکان.... بە بەراورد بە موچەی کریکاران و کارمەندان دەیان قات زیاترە؟ بۆچی پەرلەمان بۆتە جیگای پۆخلترین نوخبەی سیاسی؟ بۆچی پەرلەمان ناتوانێت هیچ کارە بێت؟ بۆچی پەرلەمان هەبێت و نەبێت هیچ لەدۆخی خەڵک ناگۆرێت؟ بۆچی حکومەت ناتوانێت حکومەت داری بکات؟ بۆچی دەسەڵاتی حزبی لە جێگای دەسەڵاتی حکومی و یاسایی هەیە؟  بۆچی یاسا دەستی ناگاتە بەرپرسەکان و خێزانە دەستڕۆشتوەکان و بۆ هەژاران دەست کراوەیە؟ بۆچی داواکاری گشتی بێ ڕۆڵە؟ بۆچی رۆژ بەرۆژ کەلوپەل و شمەکی ژیان گران دەبێت و موچەی کریکاران و کارمەندان زیاد ناکرێت؟ بۆچی خزمەتگوازییە گشتی و کۆمەلایەتیەکان بەرەو نەمان بران؟ بۆچی نەخشەکیش و بریار بەدەستی تیرۆرەکان ئاشکرا ناکرێن؟ بۆچی دوای دەنگدانەوەی تیرۆرەکان، سیناریۆ دورستکردن دەستی بۆ دەبرێت؟ بۆچی تا ئیستا دامەزراندن لە زۆنەکاندا بە تەزکیەی حزبییە؟ بۆچی هەرێم کراوەتە دوو زۆن؟ بۆچی هیزێ چەکداری حزبەکان، بەدامەزراوەیی ناکرێن؟ بۆچی هیشتا چەک ئامرازی دەسەڵات هیزی یەکلایی کەرەوەیە؟ بۆچی لەهەرێمدا عەرەب تورکمان ئاشوری، بێ لایەنیک ناتوانێت پۆستێکی باڵا وەکو سەرۆک وەزیران، یان سەرۆکی هەریم و پەرلەمان وەربگرێت؟ بۆچی ناکۆکی و ناوچە کیشە لەسەرەکان، بەچارەسەر ناگات؟ بۆچی دۆخی کەرکوک ئاوایە و پارتی و یەکێتی ناتوانن لەسەر پارێزگارێک رێک بکەون؟ بۆچی حزب و هیزە دەسەڵات بەدەستەکانی هەرێم خۆشخمەتییان کردۆتە پیشەو هەر یەکەیان رۆڵی نۆکەری بۆ وڵاتانی ناوچەکە دەگێرن؟ بۆچی دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی و هەواڵگری وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمدا بەردەوامە؟ بۆچی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە دەکەونە بەردەم هیرش و تیرۆرکردنەوە؟ بۆچی دزی و تالانی بەردەوامە؟ بۆچی بەو دزی وتاڵاننیەی لە هەرێم دەکرێت دەوترێت گەندەڵی؟ بۆچی بازارەکانی هەرێم بۆنەتە باشتیرین بازار بۆ خراپترین کاڵا؟ بۆچی روو هێنانی لاوان بۆ بەکارهینانی مەوادی بێ هۆشکەر زیاد دەکات؟ بۆچی زوربەی لاوان رێگای هات و نەهات دەگرن و دەیانەوێت کوردستان جێ بهێڵن؟ بۆچی داودەرمانی ماوە بەسەرچوو بێ کۆنترۆڵ لە کۆنترۆڵ دەرچووە؟ بۆچی ژینگەی هەرێم ژینگەیەکی پیس و ژەهراوییە؟ بۆچی تاکو ئیستا زوربەی ڕیگاو بانەکانی هەرێم بەریگای مەرگ ناودەبرێن؟ بۆچی خوێندن و پەروەردە رووی لە داروخانە؟ بۆچی کەرتی تەندروستی گشتی وێران کراوە؟ بۆچی کەرتی تەندروستی ئەهلی و تایبەتی دەستی ناوەتە بینەقاقای هاوڵاتیانی هەژار؟ بۆچی نەخۆشیی شیرپەنجە زیاد دەکات؟ بۆچی سامانی سەرزەوی و ژیر زەوی تەخشان و پەخشان دەکرێت و دەستی بەسەردا دەگیرێت؟ بۆچی خەڵک لە زستانان کیشەی نەوت و سوتەمەنی و لە هاویناندا کیشەی گەرمای هەیە؟ بۆچی هیشتا کیشەی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا... چارەسەر نەبووە؟ بۆچی دۆخی سیاسی هەرێم دوای زیاتر لە ٣ دەهە، دەگەریتەوە بۆ خالی سفر؟ بۆچی ئەوەی پیی دەوترێت "قەوارەی هەرێم" لەسەرمەرگدایە؟ بۆچی بەخێرایی ملیۆنێر هەڵدەتۆقن؟ بۆچی قڵشتی چینایەتی رۆژ بەرۆژ بەو پەرێ خێرایەوە هەڵدەکشێت؟ بۆچی ئەو هەموو بن دیوارە، سەردیواری کۆمەڵگەیان گرتووە؟ بۆچی و بۆچی بۆچی؟

**وەڵامی هەر کامێک لەوانەیە... ڕاگرتنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە لەبەردەم دادگای مێژووی هاوچەرخدا. نیشاندانی کارنامەی دەسەڵاتێکە کە لەیەک کاتدا سخناخە لە ناشیرینترین ئەزموونی دنیا... ئەزموونێک کە نە وێنەی بووە نەوێنەی دوبارە دەبێتەوە....**

# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن
## ماف و دەرفەتی کاریگەردانان



**بەشی پێنجەم**

نووسینی: بنار مستەفا

"چۆن دەتوانن بڵێن دەنگەکانتان هیچ بەهایەکی نییە؟" باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦دا لە دەنگدەرانی ئەمریکای پرسی. هەروەها گوتی "ئومێدی وڵات لەسەر شانی دەنگدەرانە".

لە سەرتاسەری جیهاندا بازاڕفرۆشییەکی فراوان بۆ هەڵبژاردن و بەشداری خەڵکی لە پرۆسەی دەنگدان دەکرێت. دەنگدان وەک کاڵایەکی بەنرخ و گرانبەها مامەڵە دەکرێت، کە مافێکە بۆ دیارکردنی چارەنووسی ژیانی خەڵکی و دەرفەتی کاریگەردانان لەسەر هێڵی سیاسی کۆمەڵگە. پێداچوونەوەیەکی خێرا بە ناوەڕۆکی بانگەشەکان و دەرئەنجامەکانی تا ئێستا بە کردەوە نیشانی دەدات، کە پێچەوانەکەی دروستە. دەنگدان مافی بەشداری جەماوەر لە پرۆسەی سیاسی و کاریگەردانان قەتیس و سنووردار دەکاتەوە، نەک فراوان.

ئەگەر دیموکراتیترین وڵاتی ئەم سەردەمە و مێژوو بە نمونە بهێنیەوە و فەرزمان ئەوە بێت، کە هەڵبژاردن تەواو شەفافە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەسەڵاتدارانی داهاتوو دیاری دەکەن و بە کردەوەش دەسەڵات ڕادەستی براوەی هەڵبژاردنەکان دەکرێت. ئەگەر دەنگدانی هاوڵاتی مافی کاریگەردانەرن، کاتێک دەنگدەر دەنگەکەی خۆی خستە نێو سندوقی دەنگدانەوە، پاشان چ مافێکی دەمێنێت کاریگەری لەسەر ئاراستەی سیاسەتی وڵات دابنێت؟ کاتێک پرۆسەی هەڵبژاردنێکی دیاریکراو کۆتایی دێت، دەنگەکان جیاکرانەوە و دەسەڵات درایە لایەنی براوە و هاوپەیمانانی، چی ڕێگایەک بۆ دەنگدەر دەمێنێتەوە کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیاری سیاسی؟ بێگومان هیچ، یان تەنها ڕێگە گوشارهێنانی ڕێگەی دەرەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنە و لەسەر دەنگدان هەژمار ناکرێت.

ئەگەر بەڕاستی دەنگدان کاریگەری دابنێت، ماف و دەرفەتی هاوڵاتی تەنها لە دانی دەنگێکدا قەتیس دەمێنێتەوە. لە پاشان هیچ ڕێگایەکی لە بەردەمدا نییە و دەبێت تا چوار ساڵی تر، یان هەڵبژاردنی ئایندە چاوەڕوان بێت، تا دووبارە بە دانی دەنگێکی تر "بەشداری" پرۆسەی سیاسی بکات. بەم پێیە مرۆڤێکی تەمەن سەد ساڵ، لە دوای ئەوەی تەمەنی یاسایی گەورەساڵی پڕکردەوە و مافی دەنگدانی بەدەستهێنا (بە گشتی ١٨ ساڵ) ئەوا لە تەواوی تەمەنیداشانسی دەبێت ٢٠ جارێک دەنگ بدات. ئەمە بۆ مرۆڤێکی تەمەن سەد ساڵ و لە باشترین حاڵەتدا، گەر هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێن و دەرفەتی دەنگدان بڕەخسێت. بە گشتی بە تیۆریش شانسی بەشدارییەکە زۆر کەمترە. بەر لە هەر شیکاری و لێکدانەوەیەک، کاریگەری دانانێک لە تەواوی ژیاندا و لە باشترین حاڵەتدا نزیکەی بیست دەنگدانی جیاواز بێت، ئاخۆ بەها و قورسایی ئەم کاریگەردانانە بە کردەوە چەنێک بێت؟

بە کردەوە ئەم پرۆسەیە بە مانای دەستبەرداری لە کاریگەردانان و ڕادەستکردنی بە کەسانی تر دێت. واتە کەسانێک، کە دەنگیان هێناوە، بڕیار لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگە دەدەن، بە ژیانی دەنگدەریشەوە. دەسەڵاتداران، کە وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکی لە قەڵەم دەدرێن، مافیان پێدەدرێت بڕیاری سیاسی جۆراوجۆر بدەن و پیادەی بکەن. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردنیش ناکۆک یان تەنانەت پێچەوانە بوو، ئەوا هیچیان لەگەڵدا ناکرێت و بە پێی بنەمای دیموکراتی و پرۆسەی هەڵبژاردن، یاسایی و تەبایە.

وەک مەنسووڕ حیکمەت دەڵێت، ئەمە تەنها لە سیاسەتدا هەیە، کە خەڵکی ئەم مافە دەداتە کەسانی تر و بۆ نمونە لە خوێندن و گەشتکردن مرۆڤەکان خۆیان ئەنجامی دەدەن، نەک کەسانێک وەک نوێنەر هەڵبژێرن و ئەوان ئەنجامی بدەن. لە بوارەکانی تری ژیاندا، مرۆڤەکان کەم تا زۆر خۆیان خاوەنی بڕیاری خۆیانن. بەڵام لە سیاسەتدا، واتە لە هەمووی گرنگتر لە چارەنووسی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەدا، ئەم مافە بە دانی دەنگێک پێناسە دەکرێت و دەبەخشرێت، لە ڕوانگەی منەوە زەوت دەکرێت. ئەگەر بۆ نمونە دەسەڵات ئازادی کەم بکاتەوە، خزمەتگوزاری لاواز بکات، بەرپرسیارێتییەکانی سەر شانی خۆی بگوازێتەوە بۆسەر شانی هاوڵاتیان، لە بەرانبەریشدا ڕێگایەکی یاسایی نەبێت لە بەردەمی هاوڵاتیاندا، کە ڕێگە لەو بڕیارانە بگرن یان خۆیان بڕیاری تر بدەن، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی لە هەڵبژاردندا دەنگیان داوە و نوێنەریان هەڵبژاردوە، بە کردەوە ئەمە لێسەندنەوەی دەرفەتی کاریگەردانانە، نەک فەراهەم کردنی.

مافی کەریگەردانان و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی، کاتێک مانا پەیدا دەکات، کە بەڕاستی دانیشتوانی کۆمەڵگە بتوانن لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانیانەوە هەیە، دەرفەتی ڕاستەقینەیان هەبێت بەو شێوەیەی لێ بکەن، کە دەخوازن. کاریگەردانانی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە هەموو کات فراوانترین دەرفەت لەبەردەست بێت بۆ ئاڵوگۆڕ. چەند ساڵ جارێک دانی دەنگ بە کەسانێکی تر، کە بەڵێن دەدەن بە نوێنەرایەتی خەڵکی بچن ئاڵوگۆڕی خواستی خەڵکە ئەنجام بدەن ، ڕێگەیەکی کارسازی بەشداری نییە.

ئایا ئۆباما و سەرانی تری وڵاتان و حزبەکانی جیهان درک بەم ڕاستییانە ناکەن، وا بانگەوازی بەشداریمان بۆ هەڵبژاردنەکان دەکەن؟ پێمان دەڵێن، کە دەنگەکانمان بێ کاریگەر نییە و ئومێدی دوارۆژی وڵات دەنگدەرانن؟ پێم وایە ئەم خواستە زۆرەی ئەوان بۆ بەشداری خەڵکی لە دەنگدان، دروست درک کردنە بەم ڕاستییانە، کە هەڵبژاردن کەمترین دەرفەتی ئاڵوگۆڕ بۆ خەڵکی بەدی دێنێت. بۆیە بانگەوازی بۆ دەکەن و بە گرنگی لە قەڵەم دەدەن. پێم وایە، گەر هەڵبژاردن بەڕاستی کاریگەری بەرچاوی هەبووایە و لە ڕێگەیەوە خواستەکانی خەڵکی ئیمکانی فەراهەم کردنیان بووایە، پێویستی نەدەکرد ئۆباما و سەرۆکی وڵاتانی تر بانگەشەی بۆ بکەن و بەردەوام لە هەوڵی ڕازیکردنی خەڵکیدا بن، تا بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. گەر هەڵبژاردن دەرفەتی ڕاستەقینەی ئاڵوگۆڕ بووایە، خەڵکی خۆیان درکیان پێ دەکرد.

ئەگەر جەماوەری خەڵکی، بە تایبەتی ئەوانەی خواستی ژیانێکی باشتریان هەیە، کە بە گشتی زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، بەو ئەنجامە گەیشتن هەڵبژاردن ڕێگەی گونجاوە بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی، ئەوا بەشداری تێدا دەکەن و کەمتر بیر لە ڕێگای تری ئاڵوگۆڕ دەکەنەوە. بۆیە پرۆژەی خۆشباوەڕی دروستکردن بە هەڵبژاردن لە لایەن دەسەڵاتدارانی سەرمایەدارییەوە کۆتایی نایەت. ئەوان بۆیان گرنگە هەموو بەشدارییەکی خەڵکی لە سیاسەت لە پرۆسەی دەنگداندا قەتیس بمێنێتەوە. ئەو کات ڕێگەکانی تر، لە نێویاندا لە هەمووی گرنگتر شۆڕش، کەمتر سەرنجی دەچێتە سەر.

بوونی خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن و تەماشاکردنی وەک دەرفەتی ئاڵوگۆڕی سیاسی، بۆ سیستەمی سەرمایەداری پێویست و حەیاتییە، بەو پێیەی کاریگەری خەڵکی لەسەر بەشداری سیاسی بۆ کەمترین ئاست سنووردار دەکاتەوە . پێویستە چینی کرێکاریش درک بە نەبوونی دەرفەتی ئاڵوگۆڕ لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بکات. ئەو کات زیاتر ڕێگاکانی ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە و ڕیشەیی دەکرێنەوە.

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی. کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بۆپێشەوە FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا....

## بەڕێز بنار مستەفا بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پێشەنگ وەڵامی پرسەکەی داوەتەوە...



هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا ڕێژەی کورسیەکان لەنێوان بەرەی چەپ وراست لەوکیشوەرە.

ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ٦-٩ی حوزەیران ٢٠٢٤ هەڵبژاردن بۆپەرلەمانی ئەورووپا لە٢٧ وڵاتی ئەو کیشوەرە بەڕێوەچوو. ئەنجامەکان ڕێژەی کورسییەکانی چەپ لەبەرامبەر ڕاستی ئەورووپا ژمارەیەکی کەمتر کورسی بەدەستهێنا، هەرچەندە لەچەند وڵاتێکی وەک فلاند، دانیمارک وبەلجیکا و...هتد چەپ سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە. ئەنجامەکان هەرزوو کاریگەری لەسەر سیاسەتی حکومەتەکانی ئەورپا دانا، لەوانە فەرەنسا. لەقسەکانی سەرۆکی فەرەنسا ئاماژەی بەوەدا کە "سەرهەڵدانی ناسیۆنالیستەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەورووپادا مەترسییە بۆ سەر وڵاتەکەمان و ئەورووپا". هەربۆیە پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکات لەو وڵاتە.

**پرسی ڕۆژ: ئایا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەورووپا چ کاریگەریەک لەسەر سیاسەتی گشتی ئەو کیشوەرە دادەنێت بەسەرکەوتنی بەرەی ڕاستڕەو؟**

**بەڕێز بنار مستەفا بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پێشەنگ وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە.**

هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەورووپا

پێش هەڵبژاردنەکان ڕۆشن بوو، کە بەرەی پۆپۆلیستی وقەومپەرستی دەنگێکی زۆر بەدەست دەهێنن ودەبنە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز لە پەرلەمانی داهاتووی یەکێتی ئەورووپا. تەنانەت کۆمەڵە هێزێک سەریانهەڵداوە وبوونەتە خاوەنی بەدەستهێنانی متمانەی بەشێک لە دانیشتوان، کە لە ڕوانگەی بەرەی ڕاستی کۆمەڵگەشەوە ئەم هێزانە سیاسەتێکی زۆر توندیان بەرانبەر مەسەلەی پەنابەری و بیانیان هەیە و تۆوی ناکۆکی دەچێنن.

هۆکاری بەهێزبوونی ئەم بەرەیە، دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانێکی قووڵ، کە سەرمایەداری تێیکەوتووە. لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە بەسەر جەماوەری کرێکار وزەحمەتکێشدا شکاوەتەوە وڕێژەی هەژاری وبێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەرەی ڕاسترەو توانیوێتی بە سیاسەتی چەواشەکاری وەهای نیشان بدات، کە هۆکارەکان سیاسەتی "دڵفراوانی" و "کرانەوەی" وڵاتانن. لە ڕوانگەی ئەم بەرەیەوە بیمە کۆمەڵایەتییەکان، مافی پەنابەری، پاراستنی ژینگە وهتد. لە بەرژەوەندی وڵاتانی ترە و "نەتەوە" و وڵاتی خۆیان لێی زەرەرمەند دەبن. سیاسەتی بۆرژوازی وڵاتانی ئەورووپا لە ڕوانگەی ئەم بەرەیە دڵفراوانییە وخواستی کەمکردنەوەی ماف وئازادییەکانن لە ئێستا زیاتر.

لە نەبوونی هێزێکی چەپ وکۆمۆنیستی ڕادیکاڵ وبەرجەستەدا، ئەم بەرەیە توانی هێز بگرێت لە دوای قەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ و زوو لە پەرلەمان وپێگە گرنگەکانی وڵاتانی ئەورووپا جێگەوڕێگەی پەیداکرد. بە درێژایی ١٥ ساڵی ڕابردوو لە هەندێک وڵاتاندا بەشداری حکومەتیان کرد وگەیشتنە پێگەی بڕیاردان. واتە لە هەندێک وڵات توانیان ئەلتەرناتیف وبەرپرسیارێتی خۆیان نیشان بدەن. گرفتەکانی کۆمەڵگە، لە پێش هەمووی هەژاری وبێکاری، نەک کەمی نەکرد، بەڵکو زیادی کرد. واتە بەشێکی بەرچاو لە بانگەشە وپڕوپاگەندەیان بە هەوادا چوو.

پووچەڵبوونەوەی بانگەشەی گەورە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی ئەم هێزانە گەیشتنە پێگەی بەرپرسیارێتی، زیانی لە متمانە وجەماوەریان گەیاند. لە هەمان کاتدا لە بەرانبەریدا هێزی چەپی کۆمەڵگەی زیاتر هێنایە پێشەوە. هەر بۆیە لە پاڵ مانەوە وسەرکەوتنی ئەم هێزە پۆپۆلیستییە، هاوکات لایەنە چەپەکانیش توانیان ڕێژەی دەنگەکانیان زیاد بکەن و وەک ئەلتەرناتیفێکی نوێ دەرکەون. هەرچەندە ئەم چەپە پەرلەمانتاریستییە زیاتر مەبەستی ڕیفۆرمی هەیە تا شۆڕشی چینایەتی وئاڵوگۆڕی ڕیشەیی، دەرکەوتنی لە بەرانبەر بەرەی ڕاست وپۆپۆلیستی کۆمەڵگەدا گرنگ بوو.

قەیرانی سەرمایەداری هێندە قووڵە ولە




دەرباز بوون بێ ئومێدە، وێڕای لێسەندنەوەی کۆمەڵێک ماف ودەستکەوتی چینی کرێکار، نیازیەتی و لە بەرنامەیدایە زیاتر دەست بۆ ئەم کارە بەرێت. وەک هەمیشە چینی کرێکاریان کردۆتە ئامانج بۆ ڕاستکردنەوەی پشتی چەماوەیان لەم قەیرانە. دوور نییە تەنانەت حزبە ڕاستڕەوە کلاسیکییەکانی ئەورووپا زیاتر دەست بۆ هێزی لە خۆیان توندڕەوتر - تا ڕاسیزمی ئاشکرا - بەرن. ئەم دیاردەیە بە جۆرێک دەستی پێکردووە ودوور نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا زیاتر دەستیان پێوەگرن وجێگەیان بۆ بکەنەوە. ڕاسیزم ساڵانێکە لە ئەورووپا پەرەی سەندووە ووێڕای پاشەکشەیان لە هەندێک وڵات وسەرکەوتنی چەپ لە بەرانبەریدا، هێشتا ڕاسیزم زیاتر دەرفەتی کاریگەردانانی لەسەر ڕێڕەوی دەسەڵاتی ئەورووپا هەیە.

هاوکاتی قووڵبوونەوەی قەیرانی سەرمایەداری و زیاتر دەرکەوتنی سیاسەتی بەرەی ڕاست وپۆپۆلیستەکان ودرک کردنی مەترسی زیاتر لەسەر ئەم ڕەوتە، دەنگی ناڕەزایەتی کرێکاران زیاتر لە جاران دەبیسترێت. چاوەڕوان دەکرێت، زیاتر لە جاران بزووتنەوەی کرێکاری بێتە مەیدان ولە پێناو ئامانج وخواستی چینەکەی تێکۆشێت. ئەم بزووتنەوەیە وسەرەتای دەرکەوتنی بە شێوەیەکی نوێ لە ئەورووپا، ئومێدە بە دوارۆژێکی باشتر.



# دۆستی کورد!!

## نووسینی: میرۆ عەبدولکەریم

> **دێواندن و فریشتە کردن هەر دووك ئامرازن بۆ شێواندنی حەقیقەت، بۆ ئاوەژوکردنەوەی ڕاستیەکان و سەرلێشێواندن، هەر وەك بەناوەکانیشیانا دیارە بۆ دارنینی مرۆڤە لە مرۆڤ بوون. ئەوانەی ئەم ئامرازانە بەکاردێنن نایانەوێت ڕاستی ڕووداوە مێژوویەکان بخەنە ناو چوارچێوە مێژوویە-کۆمەلایەتیەکانەوە ...**

دۆستی کورد -دێواندن هەوڵێکە بۆ ناساندنی کەس، هێزێک، نەتەوەیەک، ئاینێک یان دەوڵەتێک وەک خراپەی ڕەها، وەک بەرجەستەبوونی شەیتان. وەک بوونێک کە خراپە بەشێکی دانەبڕاوە لە ماهیەتی و غەیری خراپەی لێ چاوەڕێ ناکرێت، تەنانەت ئەو کاتانەشی چاکە دەکات ئینەیەکی تیایە و ماستەکە بێموو نییە. بەرامبەری دێواندن بە فریشتە کردنە: واتە ناساندنی کەسێک، هێزێک، نەتەوەیەک، ئاینێک یان دەوڵەتێک وەک چاکەی ڕەها.

دێواندن و فریشتە کردن هەر دووک ئامرازن بۆ شێواندنی حەقیقەت، بۆ ئاوەژوکردنەوەی ڕاستیەکان و سەرلێشێواندن، هەر وەک بەناوەکانیشیانا دیارە بۆ دارنینی مرۆڤە لە مرۆڤ بوون. ئەوانەی ئەم ئامرازانە بەکاردێنن نایانەوێت ڕاستی ڕووداوە مێژوویەکان بخەنە ناو چوارچێوە مێژوویە-کۆمەلایەتیەکانەوە، بەڵکو وەک فلیمی هندی جاران لە ئەوەڵەوە بەتەڵ و خاینەکەت بۆ دیاری دەکەن. لە کوردستاندا بتەوێت کەسێک، نەتەوەیەک، یان هێزێکی سیاسی یان دەوڵەتێک بکەی بە فریشتە ئەوەندە بەسە بڵێی دۆستی کوردە یان دۆستی کورد بووە. بە هەمان شێوە بشتەوێ کەسێک، لایەنێک یان دەوڵەتێک بکەی بە دێو هێندە بەسە بڵێی دوژمنی کورد و دۆزە ڕەواکەمانن. ئیتر بەم شێوە سیاسەت کورت دەکرێتەوە بۆ دوانەی دۆست و دوژمن. دۆستی کوردیش هەر یەکە و بەپێی بەرژەوەندی هێزەکەی خۆی دیاری دەکات؛ بۆ نمونە یەکیەتی نیشتیمانی، چونکە خۆی بە نوێنەری هەموو کورد دەزانی، هەرکەس پشتگیری بکردایە -جا بەهەر مەبەستێک بوایە- لێی دەکردین بە دۆستی کورد. کۆماری ئیسلامی و حافز ئەسەدی بە دۆستی کورد دەزانی، چونکە چەک و پارەیان دەدا بە یەکیەتی بۆ لاوازکردنی بەعسی عێراق. کەسیش نەدەبوو بپرسێ گەر دۆستی کوردن بۆ ئەو کوردەی خۆیان ڕاستەوخۆ حکومی دەکەن دەچەوسێننەوە و ڕێگایان نادەن بە ئازادی بژین؟ زایۆنییە کوردەکانیش باش لەم شێوازە لە یاریکردن بە هەستی خەڵک تێگەشتون، بۆ دێواندنی فەلەستینیەکان وبە فریشتەکردنی ئیسرائیل دێن ودەست دەکەن بە ژماردنی ئەو ڕوداوانەی کە دەبنە "بەڵگە" لەسەر ڕاستی بۆچونەکانیان کە گوایە فەلەستینی دوژمنی کوردە و ئیسرائیل دۆستی کوردە. -دەوڵەتی ئیسرائیل نە دۆستی کوردە نە دوژمنی کوردیشە، نە دۆستی ئیسلامە نە دوژمنی ئیسلامیشە، نە دوژمنی عەرەبە نە دۆستی عەرەبیشە. دەوڵەتی ئیسرائیل پێویستی بە خاکێکە کە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی بوون بەسەرئێشە بۆی، دەیەوێت بۆ هەمیشە لە خاکی باوباپیرانیان دەریان پەڕێنێت یان گەر ئەم ڕێگایە ئیمکانی نەبوو ئەوا خاکەکەیان بۆ بکات بە زیندان و هەتا بوارێکیان نەبێت بۆ تەعبیر لە ئیرادەی سیاسیان. هەر کوردێک، عەرەبێک، موسوڵمانێک، بدە، هندۆسیەک، مەسیحیەک، جولەکەیەک، ڕاستێک، چەپێک، میانڕەوێک، توندڕەوێک، هەر ئایدۆلۆژیا و هێزێکی سیاسی، هەر دەوڵەتێک پشتگیری ئەم خواست و سیاسەتەی ئیسرائیل بکات دۆستی ئیسرائیلە و دژایەتی بکات دوژمنی ئیسرائیلە (ئەگەر تێنەگەشتی بە بەلاش دەرسی ئیزافیمان هەیە). ئیسرائیل وەک دەوڵەتێک هەمیشە ئیحتیاتی خۆی ئەخات و چەندین ستراتیجی دەگرێتە بەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنە خەیاڵی و واقیعیەکانی، بۆ نمونە یەکێک لەو شتانەی ئیسرائیل هەمیشە لێی دەترسا بریتی بوو لەوەی نەتەوەپەرستە عەرەبەکان ڕیتۆریکیان (لەوەی هەمیشە بانگەوازی لەناوبردنی ئیسرائیلیان دەکرد) بکەن بە واقیع، بۆیە سیاسەتی ئیحتیواکردنی دەوڵەتە عەرەبەکانی گرتە بەر، بە نزیک بونەوەی ئاشکرا و نهێنی لەگەڵ دراوسێ ناعەرەبەکانی ئەم وڵاتانە (شای ئێران، تورکیا بۆ نمونە)، لە لایەک ئەمە بە قازانجی خەباتی هێزێکی سیاسی کوردی دەکەوێتەوە و لە لایەکی دیکەوە دەبێت بە ماڵوێرانی بۆ هێزێکی سیاسی دیکەی کوردی. لە هەمانکاتیشدا شای ئوردون کە عەرەب بوو هاوپەیمانی زایۆنیەکان بوو، چونکە تەماعی لە قودس و کەناری خۆرئاوادا بوو. لەگەڵ گۆڕانی هەڕەشە جیۆپۆلیتیەکاندا (چی واقیعی و چی خەیاڵی) سیاسەتی ئیسرائیلیش دەگۆڕێت و هەوڵی نزیک بەونەوەی ڕاستەوخۆ لە وڵاتە عەرەبییەکان دەدات، یان خودی ئەم وڵاتانە پێویستیان بەم هاوپەیمانیەتیە. واتە مەسەلەکە دڵداری و خۆشەویستی نییە، بەڵکو هەمو دەوڵەتێک ئامانج و خەون و ستراتیجی هەیە و بەپێی ئەوە دۆست و دوژمنی کاتی و درێژخایەن هەڵدەبژێرێت. هەندێک جاریش دوژمنەکە چی بە سیاسەتی هەڵەی بێت یان دۆشدامانی سیاسی وبێ عورزەیی سەربازی لە دۆستەکە زیاتر سودی هەیە. -فەلەستینی هەیە بە بالای ئۆردۆگانا گورانی ئەڵێت، فەلەستینی هەیە هەلهەلە بۆ داگیرکردنی عەفرین دەکێشێت، فەلەستینی هەیە ئێران بە ڕزگارکەری خۆی دەزانێت، فەلەستینی هەبوو وە هەیە ئێستاش شین بۆ سەدام و "کۆست کەوتن"ی عەرەب دەکات. فەلەستینی هەیە ئیسلامیە، هەیە پان عەرەبیستە، هەیە بەعسیە، هەیە چەپی نەتەوەپەرستە، هەیە میحوەری مقاومەیە. فەلەستینی هەیە کورد بە دوژمنی خۆی دەزانێت وکوردستان بە ئیسرائیلی دوەم ودەستخۆشی لەهەر لایەنێک دەکات کە کورد لەناوبەرێت. کوردی زایۆنی دێت، بۆ دێواندنی فەلەستینیەکان، هەموو ئەو بەڵگانە ڕیز دەکات تا پێمان بڵێت بەرگری لە فەلەستین مەکەن، یان ئەوەی بەرگری لە فەلەستین بکات دەچێتە ڕیزی خومەینی، سەدام، ئۆردۆگان و کێ و کێ. دەی خۆ هەمان ئەو کەسانە لە ناو کوردا هەن. کورد هەیە ئیسلامیە و دوای ئۆردۆگان کەوتوە، کورد هەیە میحوەری مقاومەیە، کورد هەیە بەعسیە و بەشداری ئەنفالی کردوە و ئێستاش پۆستی گەورەی لە حکومەتدا هەیە، لایەک لە کورد جاش و موستەشاربوو وەهەیە، کورد هەیە بانگەشە بۆ کەمالیزم دەکات، کورد هەیە گەماڕۆ دەخاتە سەر کۆبانێ، کورد هەیە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە وڵاتانی دراوسێ لاواز دەکات و سەرکوتیان دەکات، کورد هەبوو سورەی بەرلەشکری تورکیا و ئێران بوو. کورد هەبوو هەرچی دیکتاتۆری خوێن مژی کوردکوژ وداپلۆسێنەر بو لێی کردین بە دۆستی کورد. کورد هەر ڕۆژەی دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی لێ دەکردین بە دۆستی کورد وسبەی کە دۆخەکە دەگۆڕا لێی دەکردینەوە بە دوژمنی قەستەسەری کورد. کەواتە کورد دۆستی کورد نییە!!!

کەواتە کورد دێون و دوژمنی کوردن!! کەواتە پێویست ناکات بەرگری لە خەباتی کورد بکەین!! ئەمە لۆجیکی کوردی زایۆنیە.

-من نایەم فەلەستینی بکەم بە فریشتە، ناشیکەم بە دێو. من دژی ئەو تاوانانە دێمە دەنگ کە ٧٦ ساڵە بەرامبەریان دەکرێت. من هاوڵاتی وڵاتێکم کە دەوڵەتەکەی ڕاستەوخۆ پشتگیری بێ قەید وشەرتی دارایی وسەربازی ودیپلۆماسی ئیسرائیل دەکات ومۆری دژە جولەکەیی لە هەمو هەوڵێک بۆ بە ڕەوا ناساندنی خەباتی فەلەستینی دەدات. لە ١٩٨٨ کە کورد لە عێراقدا ئەنفال دەکرا هەر ئۆپۆزسیۆنێکی عێراقی خۆی بە ئەمریکیەکان بناساندایە یەکەم پرسیار لێی دەکرا ئەوە بوو کە چەند ساڵە خزمەتی ئێرانیەکان دەکەی. ئێستاش کە کۆمەڵکوژی فەلەستینیەکان دەکرێت دەیانەوێت هەمو فەلەستینیەکمان وەک داردەستی ئێران پێ بناسێنن. لە مێژووی نوێدا تەنیا مرۆڤە ئاساییەکان مرۆڤ دەکوژن ولەسەری دەخرێنە زیندانەوە. دەوڵەت وئایدۆلۆژیاکان مرۆڤ ناکوژن، بەڵکو دەیکەن بە دێو ئینجا دەیکوژن یان دەیکوژن ئینجا دەیکەن بە دێو. لە ئەڵمانیا جاران دێوەکە "جولەکەی جیهانی مشەخۆر "بوو ئێستا "موسوڵمانی توندوتیژ و تیرۆرست"ە.

# ڕایەڵەی خزمایەتی نێو دەسەڵاتدارانی ئەوروپا

نووسینی: ڕۆمان ئامینە




لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکانی ڕۆما و دواتر و تا ئەم سەردەمەش، هاوسەرگیری لەنێو بنەماڵەی پادشاکانی ئەوروپا بووەتە جۆرێک لە نەریتی سیاسی و کەتواری، چونکە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە لەنێو بنەماڵەی خانەدان و پادشاکان زۆر کات ئاگری شەڕەکان دەکوژێنێتەوە، زۆرکاتیش هاوپەیمانییەتیەکان بەهێز دەکات، یاخود ئاشتی دێنێتەکایەوە، یاخود جۆرێک لە سەقامگیری سیاسی پێکدەهێنێت.

لە شاژنە ئێلیزابێتی ئینگلتەراوە دەست پێ دەکەین، کە لە ماوەی ژیانیدا، تاکو کۆچی دوایی، بووە درێژترین ماوەی شاژنیەتی دەسەڵاتی پاشایەتی بەریتانیا و پێش شاژنە ڤیکتۆریا کەوتەوە کە ناوبانگی خۆی بە سەردەمێک بەخشی. ئەم شاژنە دوای ڤیکتۆریا بە داپیرەی ئەوروپا دەناسرێت.

کاتێک شاژن ئەلیزابێت هاوسەرەکەی واتا فیلیپی لەدەستدا، ئەو دەنگۆیانەی بەدوای مردنی هاوسەرەکەیدا هاتن، ئاماژەیان بە ڕەگ و ڕیشەی یۆنانی و دانیمارکی و ئەڵمانی و ڕووسی، شازادە فیلیپ کردووە..

لە ڕاستیدا کاتێک سەیری درەختی بنەماڵەی پاشاکانی ئەوروپا دەکەین، لەسەرجەمیاندا پەیوەندییە نزیکەکانی خزمایەتی جێی سەرسوڕمانە. لەپاڵ ئەمەشدا ئەو داپیرە سەیرانە هەن کە منداڵەکانیان لە نێو کۆشکەکانی هەموو کیشوەرەکەدا بڵاوبوونەتەوە.

چەندین مێژوونووس هەن کە ژیانی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لە وەچەی شاهانەی ئەوروپا تەرخان دەکەن، لەو ڕووەوە کاری زۆر چڕ کراوە. ئەگەر بێتوو ژمارەیەک لەو داپیرە سەرسوڕهێنەرانە ڕیز بکەین، کە لەم لێکۆڵینەوەیانە کۆمان کردۆتەوە لەگەڵ ئێلینۆر کە شاژنی هەردوو ئینگلتەرا و فەرەنسا بووە، لە ماوەی ژیانیدا لە نێوان ساڵانی ١١٢٢ بۆ ١٢٠٤ ی زاینی.

### ئێلینۆر: یەکەم فیگەر لە باسەکەدا

چیرۆکی ئێلینۆر کە جێپەنجەی خۆی لەسەر نەخشەی باوانی پاشاکانی ئەوروپا بەجێهێشتووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٢، کە دەتوانین بە سەردەمی ڕۆبن هودیش ناوی ببەین، بەڵام لەگەڵ دووەمین هاوسەرگیریدا بوو کە چووە ئەو ناوچەیەی کە ڕۆبن هوودی تێدا دەژیا، کاتێک لەگەڵ لویسی حەوتەم هاوسەرگیری کرد، بوو بە شاژنی فەرەنسا. بەڵام دوای ئەوەی ئەو دوو هاوسەرە منداڵیان نەبوو، بە ڕێککەوتن جیابوونەوە.

دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ هێنری فەرماندە یاخود دوکی نۆرماندی کرد لە ساڵی ١١٥٤ دا. کاتێک دوک بە ناوی هێنری چووە سەر تەختی ئینگلتەرا، ئێلینۆر بوو بە شاژنی ئینگلتەرا. بەرهەمی هەم پەیوەندییە سێ کچ و هەشت کوڕ بوو. سێ لە منداڵەکانیان کە لە نێویاندا ڕیچارد ناسراو بە ڕیچاردی بەجەرگ، تاجی پادشایەتیان لەسەر دانرا. بەهۆی ئەوەی لایەنگری کوڕەکەی دەکرد لە دژی هاوسەرەکەی، ئێلینۆر بۆ ماوەی ١٦ ساڵ زیندانی کرا، بەڵام منداڵ و نەوەکانی لە زۆر شوێنی دەرەوەی ئینگلتەرا تاجی پادشایەتیان لەسەرنرا، لەوانە دانیمارک و کاستیلیا و سیجیلیا، ئەمەش ئەڵقەی سەرەتای زنجیرەیەک خزم و کەسوکاری پێکهێنا کە بە تەواوی کیشوەرەکەدا بڵاوبوونەوە.

### شاژنە ڤیکتۆریا

ڤیکتۆریا ئەگەرچی زۆر لە دۆخی دووگیانی دڕدۆنگ بوو، بەڵام لە بەرەی نۆ منداڵ بووە خاوەنی ٤٢ نەوە. پادشاکانی نەرویج، دانیمارک، ئیسپانیا و سوید لەنەوەکانی ڤیکتۆریان و پەوەندی خوێنیان جێی باسە. بەڵام بابەتەکە زۆر ئاڵۆزە و ناتوانرێت بە شێوەیەکی بنجبڕ و یەکلاکەرەوە داری بنەماڵەی وی ڕوون بکرێتەوە. بۆ وێنا مارگرێتی نەوەی ڤیکتۆریا لە ساڵی ١٩٠٥ لەگەڵ گوستاف ئەدۆلفی دووەمی سوید هاوسەرگیری کرد. ساڵی دواتر گوستاف ئەدۆلفی سێ، باوکی پاشای ئێستای سوید لەدایک بوو، واتا شا کارلی شانزەهەم. دایکی گوستاف، واتا سیبیلا، نەوەیەکی ڤیکتۆریا بووە، کە دەکاتە نەوەی کوڕە بچووکەکەی ڤیکتۆریا. ڕەچەڵەکی پاشا ناوی شاهانەی ئەڵمانی و فەرەنسی وبە تەنیشت ناوی ئینگلتەراوە لەخۆدەگرێت.

### نەوەکەی ناپلیۆن

جۆزەیفین دی بیۆهارنس کچی جووتیارێکی هەژار بوو. هاوسەری یەکەمی، ژەنەڕاڵ ئەلێکساندەر دی بیۆهارنس لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا لە سێدارە دراوە و ئەویش زیندانی کراوە. بەڵام دواتر توانی دەربچێت و لە ساڵی ١٧٩٦، واتە دوای ٧ ساڵ لە شۆڕشی فەڕەنسا، لەگەڵ ناپلیۆن هاوسەرگیری کرد. بەڵام منداڵیان نەبوو و بە ڕەزامەندی خۆیان لە یەکتر جیابوونەوە. کچەکەی بیۆهارنس لە یەکەم هاوسەریەوە، هۆرتنسە دی بیۆهارنس، جێگەیەکی لە تەختی پادشایەتی هۆڵەندا دۆزیەوە، لە کاتێکدا کوڕەکەیشی بووە ناپلیۆنی سێیەم.

### خۆشەویستییە قەدەغەکراوەکەی ئیلیۆنۆر دیسمێر

ژنە ئەسڵزادەی فەرەنسی ئیلیۆنۆر دیسمێر دی ئۆلبروز نەبووە شاژن. ئەو خۆشەویستە قەدەغەکراوەکەی جۆرج ویلهێلم، دوکی ساکس لاونبۆرگ بوو لە ئەڵمانیا، کە دوای ماوەیەک لە پەیوەندی نائاشکرا و قەدەغەکراو هاوسەرگیریان کرد. سۆفیا دۆرۆتیای کچیان لە ساڵی ١٧١٤ لەگەڵ جۆرج یەکەم، پاشای بەریتانیا و ئێرلەندا، پێش ئەوەی بچێتە سەر تەختی پاشایەتی، هاوسەرگیری ئەنجامدا. هەرچەندە دواتر جیابوونەوە، بەڵام ئەو ئێتر دایکی جۆرجی دووەم بوو. پەیوەندی خۆشەویستی سۆفیا دۆرۆتیا لەگەڵ کونتی سویدی فیلیپ کریستۆف ڤۆن کۆنیگسمارک بووە هۆی ئەوەی کە دوایین ٣٠ ساڵی لە زینداندا بەسەر ببات. بەڵام پێشتر بووبووە یەکێک لە پەیوەندییە گرنگەکانی بنەماڵەی شاهانەی بەریتانیا لەگەڵ ئەوروپا. لە بەرامبەردا دایکی دەستپێشخەری هاوسەرگیری هەردوو خوشکەکەی بوو لەگەڵ پاشاکان.

### ماریا تێرێسیا ژنە خانەدانەکەی هابسبۆرگ

لەماوەی حکومڕانی ئیمپڕاتۆری هابسبۆرگ (١٥٢٦- ١٨٠٦) لە ناوەڕاستی ئەوروپا، ماریا تێرێسیا تاکە پاشای ژن بوو لە شانشینی هابسبورگ کە لە ساڵی ١٧٤٠ تا ساڵی ١٧٨٠ کە تێیدا کۆچی دوایی کردووە، حوکمڕانی کردووە. دوای ساڵێک لە جەنگی عوسمانی و ڕووسیا- نەمسا بووە شاژن. عوسمانییەکان دوای ئەوەی لە جەنگەکەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، جارێکی دیکە گەیشتنە سنووری سروشتی دانوب و شانشینی لاوازبووی هابسبورگ هەوڵیدا پارێزگاری بکات لە دەسەڵاتی بەسەر ئەو خاکانەی کە تائەوکاتە لەژێر پاراستنی ئەودا ماوبوونەوە. سەبارەت بە هاوسەرگیرییەکەی... کاتێک دەستگیرانەکەی، لیۆپۆڵد کلیمەنت، بەهۆی کۆکە ڕەشە کۆچی دوایی کرد، بانگ کرایە ڤیەنا و هاوسەرگیری لەگەڵ برای دەستگیرانەکە کۆچکردووەکەیدا کرد، بەناوی فرانسیس ستیڤن. ئەو دوو هاوسەرە شانزە منداڵیان هەبووە و سیانزە منداڵیان ژیاون. پێش مردنی نزیکەی دوو هێندە نەوەی هەبووە و بە هەموو گۆشەکانی ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە.

### ئامۆزاکانی نەیانتوانی دوا خێزانی تزار ڕزگار بکەن

بۆ ئەوەی بزانین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیوەندییە خزمایەتییەکانی نێوان خانەدانەکانی ئەوروپا چەندە ئاڵۆز بووە، دوا تزاری ڕووسیا کە بەهۆی شۆڕشی شوباتی ساڵی ١٩١٧ لە تەختی پاشایەتی لابرا، تزار ئەسکەندەری دووەم بوو. گونجاوە سەیری ڕەگ و ڕیشەی نیکۆلای بکەین. شای دانیمارک فریدریک، پادشای یۆنان جۆرج و خێزانی ئێدوارد پادشای ئینگلتەرا، شاژنە ئەلێکساندەرا لەگەڵ دایکی نیکۆلای تزاری ڕوسیا خوشک و برا بوون. ژنی نیکۆلا، ئەلێکسەندرا و ئیمپراتۆری ئەڵمانیا ولیام و پادشای ئینگلتەرا ئامۆزا بوون.

لە کاتێکدا ڕاپەڕینەکان لە ڕووسیا بەردەوامن، دەسەڵاتی نوێ لە شاری سانپترسبۆرگ. گەرەکیان بوو کە ژن و منداڵەکانی نیکۆلای، وڵات بەجێبهێڵن. لە ڕاستیدا ڕەنگە ڕزگاریان بووایە ئەگەر ئەو هەفتەیەی نیکۆلاس تەختی پاشایەتی بەجێهێشت لە ڕووسیا هەڵهاتبان. جۆرج پێنجەم بە نامەی تایبەت نیگەرانی خۆی سەبارەت بە دۆخی ژیانی ئامۆزاکانی دەربڕی، بەڵام بەریتانییەکان چارەی تزاری پێشوویان نەدەویست، هەروەها تورەییەکی زۆریان بەرامبەر ئەلێکساندرا هەبوو کە بە ڕەچەڵەک ئەڵمانیی و خوێنی ئەوانی تێدابوو. حکومەتی نوێی ڕووسیا بوونی تزاری لەو وڵاتە وەک هەڕەشەیەک دەبینی. ئینگلیزەکان داوای پەنابەری بنەماڵەی تزاریان قبوڵ کرد کە خێزانی ڕۆمانۆڤ بوو، بەڵام دواتر پەشیمان بوونەوە. سکرتێری تایبەتی جۆرج پێنجەم، لۆرد ستامفۆردهام، ترسی ئەوەی هەبوو کە بزووتنەوەی دژە پاشایەتی بۆ وڵاتی خۆیان بڵاوببێتەوە. لەسەر داوای پاشا، پێشنیاری مافی پەنابەرێتیان ڕەتکرایەوە. هەوڵەکانی پاشاکانی تری ئەوروپا بەتایبەت ئیسپانیا و دانیمارک و سوید و نەرویج، بۆ ڕزگارکردنی ئەو خێزانە ئەنجامی نەبوو، چونکە ترسیان لە ململانێ لەگەڵ حکومەتی نوێی ڕوسیا هەبوو. هەواڵی لەسێدارەدانی نیکۆلاس سەرەتا بۆ کۆشکەکانی ئەوروپا چوو، چارەنووسی باقی خێزانەکە دواتر بیسترا. ئینگلیزەکان کەشتییەکیان نارد بۆ کریمیا بۆ گواستنەوەی ئەو ڕۆمانۆڤانەی کە مابوونەوە. تەنها نەوەکانی دوو خوشکی نیکۆلای بە ناوەکانی ئۆلگا و ئەلێکساندرا ڕزگاریان بوو، ئەو دوای کوژران.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە




گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# شارو گەلەرییەکەی جەلال عازەبانی:

نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف...

**هەڵەبجە:**

**شارێک، جیهان گەلەکۆمەکەی لێکرد، تا کردیانە ئامانج، پاشان وێرانەیەک! بەڵام...**

ئەوەی چاوێک بەمێژووی ئەم شارەدا بخشێنێت ئەوسا تێدەگات فەرهەنگ و ئەدەب و جۆرەکانی کلتور و پێکەوەبەستن و ژیان دۆستی نێوان مرۆڤەکان" چۆن چۆنی پێکەوە ئەتوانن بژین، ئەوەی بیەوێ لە هەقیقەتی سەرهەڵدانی بزافی نەتەوەیی و خەباتە یەک لە دوایەکەکانی شارو شارچێتی و نەتەوەیی تێبگات با هیچ نەبێت گەشتێک یان چەند پەڕەی مێژوویەک، لە هەڵەبجەی شاری شاعیران و ڕەوتی ئەم شارەهەڵداتەوە، بەڵام جێگەی هەمیشە داخیگرانە، کە دەسەڵاتداران و ئەوانە کە هەرگیز نەیان ویستووە هەڵەبجە ئەو سیماو سمبولە بێت کە مێژووی گەلێک شانازی پێوەبکات، تەنها هەر کات ویستیان بوویێت بۆ بەرژەوەندی و شەڕی ئایدیاو فکری چەوت و لاڕێدا ئەم شارو خەڵکەی کراوەتە قوربانی و خاکیان بە تورەکە بێژاوەتەوە.

نامەوێ .. مێژووتان بۆ بگێڕمەوە تەنها هەقیقەتێک کە هەیە لە ئێستادا ئەویش دوای وێرانەکردنی شار و دەربەدەرکردنی خەڵکی بێچارە بۆ هەزاران ئۆردوگای زورەملێ و پەرشو بڵاوبوونەوەی خەڵکەکەی بە هەزاران شاردا ، کەچی .. شارو خەڵک و کەسانێکی خاوەن لە بنەڕەدا شار خۆشەویست و ئەدەب دۆست و خاک دۆست و مرۆڤ دۆست، لە وێرانەوە شاریان بنیادنایەوە، بە هەستی نەتەوەی ئەحمەد موختارو ناتق و نالی و شاهۆ و گۆران و مەولەوێ و تا دێ...

تا بۆئەوەی.. مێژوو بە زیندوی بمێنێتەوە، نەتەوەیەک فەرهەنگەکەی زیندە بەچاڵ نەکرێت، هەر کات دەسەڵاتدارو زلهێزەکان ئامانجی ئەوەیان هەبوویێت نەتەوەیەک بمرێنن ئەوا لە فەرهەنگ و زمانەوە سەرەتا دەستیان بە کاولکردنکردووە، بەڵام گەر تەنها کەسێک بە پێوە مەردانە مابوبێت ئەوا سەر لەنوێ ژیانی بە بەرداکردۆتەوە، هەر بۆیە لەوێ . لە هەڵەبجەدا، خەمخۆرێک خاوەن ئیردایەکی پۆڵاین و کوڕی شارێک و لە خێزانێک تەژی لە پەروەردەی ئەدەب و شیعر، بە تەنیاو بەدوو دەست و بە شانوباڵی کرێکاری و ئەو موچەی کە شەش مانگ جارێ هی مامۆستاییەکەی کە وەریدەگرێت، ئەو توانی بەتەنها، شار ئاوەدان بکات نەخشەی شار سەر لە نوێ دارڕێتەوە، نە بە پارەو و خانوو و قات لەسەرقات دانان و کۆشکی فیرعەونی و گوڵی فەرەنسی هاوردە بۆ ناو باخی مەست کارەکان، نا نا ...ئەو مێژووی بە وێنەکان و چیرۆکەکان هێنایەوە باوەشی شار و وتی.

فەرموون... بیست و ئەوەندە ساڵە لە کۆششدام، بیشت و ئەوەندە ساڵە نەخەوتووم، بیست و ئەوەندە ساڵە تافی لاویمم خستە ئەولاوە تەنها، بۆ ئەوەی شارێک کە کرایە ئامانج و خنکێرا .. شارو مێژووی ئەنفال و زیندە بە چاڵکران ، ئەوەتانی...



شاعیرێک ناوی (جەلال عازەبانی) بوو... ئەو شەهید بوو، من وەک (ئارام)، خوشکەزای ئەو کە بەزیندوویی مامەوە، ئەوەتانێ لە ئێستادا چەند ساڵانێکە پۆل پۆل کەسانێک دێن بۆسەردانی ئەم شارە هەواڵ لە مۆنۆمێنی شار جارێ ناپرسن تا لەڕێی گەلەریەکەی شارەوە بە مێژووی شاردا نەچنەوە و وێنە وێنە نیگاو چرکانی چەند وێنە بۆ ناو یادو مێژوو لەگەڵ خۆیان نەبەنەوە .

لێرەدا:

بێ ئەوەی من یەک وشەی لاوە جوان خاس و کوڕە شاری و نووسەری بەتواناو خاوەن چەند کتێب و دەها وەرگێڕی کتێب و هەروەها وەک ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا با خۆی بە زمانیکی سادەو ساکار بۆ هەمووومان بدوێت .

نووسین :

ئارام شەمێرانی خاوەن گەلەری جەلال عازەبانی لە (هەڵەبجە) دا. منیش وەک کەسێک لە نزیکەوە ئاگاداری هەوڵ و ماندو بوونەکانم .

**ڕێبوار حەمەشەریف/**

**هەڵەبجە/کۆپنهاگن**

لەناو ئەم گەلەریەدا نزیکەی پێنج سەد وێنە نمایش کراون تا ئێستا، کۆمەڵێک تابلۆو پەیکەرو کتێبخانەیەکیشی تێدابوو کە لایبردوون، چونکە شوێنەکە بچووکە، گرنگی ئەم ناوەندە ڕۆشنبیریە لەوەدایە کاتێک میوانان لە هەر وڵاتێکەوە دێنە هەڵەبجە سەردانی دەکەن و ئاشنا دەبن بەڕابردووی شارەکەو قۆناغەکانی شارستانیەت تیایدا، لەوانە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق، کونسوڵی




گشتی وڵاتی چین بەوەکالەت لە عێراق، کونسوڵی ئەڵمانیا، دەرهێنەری سینەمایی، گەشتیاری بیانی، هەمووان سەردانی دەکەن، خاوەنەکەی هەموو چالاکیەکان بەوێنەو ڤیدیۆو نوسین ئەرشیف دەکات...

خاوەنی ئەم گەلەرییە دەڵێت؛ هەڵەبجە دایکە، مرۆڤیش هەرچی بکات بۆ دایکی هێشتا کورتی هێناوە، بۆیە منیش وەکو بەرپرسیارێتیەکی ڕەوشتی لە هەوڵی ئەوەدام بەفرۆشتنی خانووەکەم و ئەگەر




گورچیلەیەکیشم فرۆشتووە مۆزەخانەیەک بکەمەوە شیاوی گەورەیی مێژووی هەڵەبجە بێت، وە ئەرکی هەموو کەسێکە خۆی بە هەڵەبجەیی بزانێت و لە توانایدا هەبێت هاوکاریم بکات تا ئەو پرۆژە لەمە زیاتر دوانەکەوێت، ئەمە بۆ خزمەتی هەڵەبجەیەو بۆ هیچ کەسێک نییەو هەموومان جێیدەهێڵین و بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە، شار بە بیناو ئۆتۆمبێل نابێتە خاوەن مێژوو، بەڵکو بە سیماکانی شارستانیەت و پێشکەوتن و برەودان بەلایەنە هونەری و ئەدەبی و وەرزشی و ڕۆشنبیریەکان دەگاتە ئەو ئاستە، هەڵەبجە لە ڕابردوودا لانکەی پێشکەوتن و سەرزەمینی شارستانیەت و بەرهەمهێنانی مرۆڤی مەزن بووە، بۆ ئەوەی هەموو ئەمانە نەفەوتێن پێویستە بپارێزرێن و نمایش بکرێن، ئەمە پردی گەیشتنە بە شارستانیەتی گەلانی تر تا بزانن ئێمەش بەشێکین لە شارستانیەتی ئەم جیهانەو لەبیرکراوین...



# چەند کورتە شیعری: خالید بایەزیدی (دلیر)

1

**جیهان**
**وەک ئەو ئۆتۆبیلە وایە**
**کە شۆفێرێکی ناشارەزا**
**دەی ئاژوێت**
**نازانێت**
**سەرنشینەکانی**
**بۆ کوێ بەرێت**

–٢

**ئاژەڵەکانیش**
**مێینەکان ناکوژن**
**نازانم:**
**کۆمەڵگەی پیاو سالار**
**بۆ ئەوەندە دڕندەیە**
**کە ژنەکان دەکوژن**

–٣

**ژن کوژان!**
**دەتوانن**
**مارياكان بکوژن**
**بەڵام بێگومان**
**هەرگیز ناتوانن**
**خۆشەویستی لەناو بەرن**

–٤

**ژن کوژان**
**ڕوخساری قەلەڕەشەیان**
**سپی کردووە**
**وە ڕوخساری خۆیانیش ڕەش**

–٥

**شەو لە نیگاکانی ژن دا**
**ئەخەویت و**
**کازیوەی بەری بەیانیش**
**سەر هەڵ ئەدا**

–٦

**کومەڵگەی پیاو سالار**
**پێی شەرمە**
**ناوی ژن بهێنی**
**هەر بۆیە پێی**
**ئەڵێ:**
**زەعیفە!؟**



# سزای لە سێدارەدان دزێوترین شێوازی کوشتنی بە مەبەستە

**چاوپێکەوتن لەگەڵ وەرزنامەی ڕۆژهەلاتان (خاوەران)، کە بلاوکراوەی ڕێکخراوی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی ئێران...**

پـێـشـەکـی خـاوەران: بابەتێک کەلە خوارەوە هاتوە وەلامی مەنسور حیکمەتە بە پرسیارەکانی ئێمە لەبارەی هەلومەرجی هەلوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان کە لەبنەڕەتدا بۆ کتێبێکی تەواونەکراو (هەلوەشاندنەوەی لەسێدارەدان بۆچی) لەبەرچاوگیرابو. کە بەهۆی ئامادەنەبونی کتێبی ناوبراوئیستا لە خاوەراندا بلاوی دەکەینەوە. لەگەل سوپاسمان بۆ مەنسور حیکمەت کە سەرەڕای سەرقالیە زۆرەکانی خۆی هات بەدەم داواکەمانەوە.

**خاوەران: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە بەڵگەنامەکانیدا بە ڕاشکاوانە لەبارەی پێویستی هەلوەشاندنەوەی لەسێدارەدان قسەدەکات، بەلام ئێوە لە چ گۆشەنیگاو لەچ تێڕوانین ولەگەڵ چ لێکدانەوەیەک هەلوەشاندنەوەی لەسێدارەدان بە پێویست دەزانن؟**

**مەنسور حیکمەت:** سزای لەسێدارەدان ناوێکی دەوڵەتییە بۆ وشەی کوشتن. کەسەکان یەکتر دەکوژن، بەڵام دەوڵەتەکان بڕیاربۆ "لەسێدارەدان"ی کەسەکان دەرئەکەن.

خواستی هەڵوەشاندنەوەی لەسێدارەدان و قەدەغەکردنی کوشتن هەردوکیان لە یەک سەرچاوەوە ئیلهام وەردەگرن، بەرهەڵستی لەگەڵ کوشتنی بەمەبەست وئاگاهانە وبە نەخشەی لەپێشدا داڕێژراوی کەسێک لەلایەن کەسێکی تروە. ئەوەی کە لایەنێکی ئەم کوشتنە دەوڵەت وە یان لایەنێکی بالادەستی سیاسیە بچوکترین گۆڕانکاری لەم ڕاستیەدا دروستناکات کە ئێمە لەگەڵ کوشتنێکی دەست ئەنقەستدا ڕوبەڕوین. سزای لەسێدارەدان بێ شەرمانەترین وپیسترین شێوازی کوشتنی بەدەستی قەستە. چونکە دامەزراوەیەکی سیاسی لەبەردەم جەماوەردا بڕیار ئەدات، پیش وەخت ڕاگەیەنراو، لەبەردەم ڕایگشتی، لەوپەڕی خۆبەخاوەن ماف زانینین ولەوپەڕی خوینساردی، بڕیار لە سەر کوشتنی کەسێک ئەدرێت وە ڕۆژو کاتی ڕودانەکەشی ڕادەگەیەنن.

**خاوەران: لەگەڵ هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان، تاوانباران وبکوژان ئەبێت چۆن سزاکەیان ببینن؟**

**مەنسور حیکمەت:** پرسیارێکی سەرنج ڕاکێشە. بە هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان بەر بە بکوژێکی بەکۆمەڵ، واتە دەوڵەت، کە هیچ کاتێک بەهۆی کوشتنی کەسێکەوە سزا نەدرواوە دەگیرێت. پرسیارەکەی ئێوە ئەو بۆچونە دێنێتە گۆڕێ کەگوایە سزای لەسێدارەدان بۆ سزادانی بکوژانیان داهێناوە. وەیان ئەوەی کە ئەمە سزایەکە کە یاسادانەران پاش قوڵبونەوەو پشکنین بەگونجاویان داناوە بۆ تاوانی کوشتن. بەڵام سزای لە سێدارەدان هیچ پەیوەندیەکی بەکوشتنەوە نییە لە کۆمەڵگەدا. میژوی خۆی هەیە. ماف ودەسەلاتی دەوڵەتی ئەمرۆ لەبەرامبەر هاولاتیان، درێژکراوەی ماف ودەسەلاتی دەولاتانی دوێنێیە. کاتێک ئاغا محمەد خانی قاجارتەواوی خەڵکی شارێک کوێر دەکات وەدەکوژێت، سەرقالی سزادانی کەسێک لەبەر ئەنجامدانی تاوان نییە. کاتێک ئەسپ دزێک لە ئەمریکا ئەدەن لەدار وەیان سەبازانی هەڵهاتو لەسێداره ئەدەن، سەرقالی سزادانی کەسێک بەمانای دادوەری وشەکە نین. بەڵکو بە سادەو ساکار ئەیانەوێت خەڵک بێدەنگ بکەن، ئەیانەویت خەڵک ناچاربکەن کە مل بە یاساو ڕیساکانیان بدەن. ئەوان دەیانەوێت بترسێن، ئەیانەوێت حکومەت بکەن، هەر لەم دونیای ئەمرۆیەدا لەسێدارەدان سزای کوشتن نییە، سزای سێکسی ڕێ پێنەدراوە، سزای پاوان کردن، سزای باوەڕ بون بەئامانجی سۆسیالیزم، سزای دامەزراندنی حیزبی ئۆپۆزیۆسیۆن، سزای نوکتەکردن لەسەر خوداو پەیامبەرو ئیمام، سزای هاورەگەزبازی وهیتریشە. کوشتنی خەڵک، کوشتاری خەڵک هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی دەسەلاتداریەتیەوە لە کۆمەڵگەدا، پایەیەکی ملکەچ پیکردنی خەڵک بوەو ئیستاش هەر هەیە. مێژوی سزای لەسێدارەدان نەک لە باسە حقوقی ودادوەریەکان سەبارەت بە تاوان وسزا، بەڵکولەمێژوی دەسەلاتی چینایەتی ودەوڵەتدایە. ئەمرۆ دەوڵەتەکانیش هاولاتیەکانیان دەکوژن. ئەبێت بەربەمە بگیرێت. ئەپرسن ئەگەر سزای لە سیدارەدان نەبێت ئەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بکوژاندا بکریت. کوشتنی بکوژ دوبارەکردنەوەی کوشتنە. ئێمە دەڵێین ئەم کارە بەهیچ جۆرێک نابێت بکرێت. ئەوەی کە چ کارێکی تردەبێت بکرێت پەیوەندی بە فەلسەفەی دادوەری کۆمەڵگەوە هەیە. لەهەمان سیستەمی ئیستادا ئەتوانرێت بکوژ زیندانی بکرێت. لە کۆمەڵگەیەکی هەرەباش (ایدآل) بۆی هەیە بتوانرێت کارێک بکرێت کە خەڵک لە دوبارەبونەوەی تاوان بپارێزرێت وتاوانبار وا لێ بکەیت تێبگات لەترسناکی وقیزۆونی تاوانەکەی خۆی بەبێ پەنابردن بۆ زەوتکردنی ئازادیەکانی. لە کۆمەڵگەیەکی هەرەباشدا (ایدآل)ئەشێ کارێک بکەیت کە کوشتنی بەمەبەست ڕونەدات.

**خاوەران: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەگەڵ پاسدارانێک (سەربازی سوپای ئیران . و:) وئەشکەنجەدەرانێک کەلەڕوبەڕوبونەوەکاندا بەدیل ئەگیرێن، لە حاڵەتێکدا دڵنیابوون لەوەی کە دەستیان بەخوێنی خەڵک سورە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن؟**

**مەنسور حیکمەت:** لە یاساکانی ئێمەدا لەسێدارەدان وزیندانی هەتاهەتایی نییە. وەک چاوەڕوان دەکرێت ئەو جۆرە ئینسانانە ئەبێت بڕیاری زیندانی کردنیان بەسەردا بسەپێنرێت و کاریان لەسەر بکرێت لەوانەیە بتوانن ڕۆژێک بگەڕێنەوە باوەشی کۆمەڵگە وە کارێک بکەن هەتا خەڵک لێیان خۆش بێت.

**خاوەران: بە لەسێدارەنەدانی بکوژ دادپەروەری سەبارەت بە خیزانی کوژراوەکە چۆن جێبەجی دەکرێت؟**

**مەنسور حیکمەت:** ئەوەی کە خێزانی کوژراو خاوەنی خوێنە. و عەدالەت، داخوازێکە کە خیزانی کوژارەوەکە لە کۆمەڵگەی ئەوێت، تێگەشتنێکی خێڵەکی ودواکەوتوانەو جێگەی قوبوڵ نییە. خەم وناخۆشی خێزانی کوژراو نکوڵی لێ ناکریت، بەڵام ئەگەر لە سێدارەدان بۆ ئارامکردنەوەی خەم وپەژارەی کەسانێک ڕێپێدراو بێت، چۆنە کوشتن بەهۆی هەستە هاوشێوەکانەوە ڕیگە پێدراو نییە؟ ئایا کەسێک کە بەدەستی کەسێکی تر سوکایەتی و شکێنراوە، ماڵ وێران بوە، ئالودە بوە، تیکشکاوە، ئاوارە بوە ئەتوانێت بۆ ئارام بونەوەی هەستی ناخۆشی خۆی دەس بۆ کوشتنی ئەو

**سزای لەسێدارەدان بێ شەرمانەترین وپیسترین شێوازی کوشتنی بەدەستی قەستە. چونکە دامەزراوەیەکی سیاسی لەبەردەم جەماوەردا بڕیار ئەدات، پیش وەخت ڕاگەیەنراو، لەبەردەم ڕایگشتی، لەوپەڕی خۆبەخاوەن ماف زانینین ولەوپەڕی خوینساردی، بڕیار لە سەر کوشتنی کەسێک ئەدرێت وە ڕۆژو کاتی ڕودانەکەشی ڕادەگەیەنن...**

بەرێت؟

ئایا دەوڵەت ئینسان کوژێک ڕێپێدراوە، کە کەسەکان بۆ وەرگرتنەوەی تۆڵەکانیان پەنای بۆ ئەبەن؟ ئایا دادپەروەری چەمکێکی (مفهوم) جێگروەیە لەبەرامبەر تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکیدا؟ سەبارەت بەمەفهومی دادپەروەری ئەبێ لە دەرفەتێکی تردا بەدرێژی قسەوسباسی لەسەر بکەم. ئەم دەستەواژەیە بەو ئەندازەیە ئۆبژکتیڤ و سەروو چێنایەتی نییە کە هەندێک تیگەشتون.

**خاوەران: ئایا بەهەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان، ڕێژەیەک تاوان لە کۆمەڵگەدا ناچێتە سەروە؟**

**مەنسور حیکمەت:** نەخێر. بەپێچەوانەوە، هەربەشێوەیەی کەوتم هەر لەسەرەتاوە پێش بەلیستێکی باڵابەرزی کوشتاری دەوڵەتی دەگیرێت. وەزارەتی دادی دەووڵەتی ئەمریکا گەورەترین بکوژی پیشەی ئەو وڵاتەیە، هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان تیدا وەک ئەوە وایە کە زنجیرەیەک بکوژی ١٥٠ کەسیت دەستگیربکرێت! دوهەم هەر کۆمەڵگەیەک پیی وابێت کە کوشتنی ئینسان لەگەڵ یاسادا ئەگونجێت، هیچ کاتێک ناتوانێت ڕێگا لە دوبارە نەبونەوەی هەرئەو کارە بگرێت لەناو هاوڵاتیاندا. هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان و ڕاگەیاندنی بەهای گیانی ئینسان، هەنگاوی یەکەمە لە خەبات دژی کەلتوری ئینسان کوشتن لەکۆمەڵگەدا. ئامارەکان بەڕۆشنی نیشانیان داوە کەلە هۆڵەنداو ئیسکەندینیڤیا وبەریتانیادا کە سزای لە سێدارەدان هەڵوەشاوەتەوە. ڕێژەی کوشتن (بەلەبەرچاوگرتنی دانیشتوان) بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە ئەمریکا.

**خاوەران: بەبۆچونی ئێوە سزای تاوانباران ئەبێت بەچ ئامانجێک ئەنجام بدرێت؟**

**مەنسور حیکمەت:** نازانم وشەی سزا باشە لەگەڵ سیستەمی دادوەریدا یان نا. بەبۆچونی من، باسی پشتگیری لەنێوبردنی زەمینە کۆمەڵایەتی و ئابوری وکلتوریەکانی تاوان بەتەنیشت، یەکەم، کۆمەڵگە ئەبێت خۆی بپارێزێت لە تاوان بەکەمترین ئەگەری کاری توندوتیژی وبەکەمترین پەنابردن بۆ زەوتکردنیکی مۆڵەتی ژیانی ئاسای تاوانباران، خۆی لە دوبارە کردنەوەی تاوان لەلایەن ئەوانەوە بپارێزێت. دووەهەم: هاوکاری بکەن بۆئەوەی ئەوکەسانە بگوڕێن. بەبۆچونی من سزای تۆڵەسندنەوانەو پەندوەرگرانە ئەبێت هەڵوەشێتەوە. ئەبێت بگەینە جیگایەک کە کۆمەڵگە بەشێوەیەک لە توندوتیژی دورکەوێتەوە کە لەگەڵ بابەتەکانی توندوتیژیدا وەک کارەساتی سروشتی مامەڵە بکات، بەهانای قوربانیەکانەوە بچێت، هەوڵبدات پێش بەدوبارەبونەوەی دواتری بگرێت ویان زیانەکانی بگەینێتە کەمترین ئاستی، بەبێ ئەوەی کەسێک وەک تاوانبار بخاتە ناوگرکانی ئاگرە ویان فرێی دەیتە دەریاوە.

**خاوەران: ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، کەسێک بەهۆی دانانی بەها بۆ جەهەری ئینسان ومافی ژیانیەتی، لەو کاتەدا داواکاری ئازادی ئەو زیندانیە سیاسیانەی کە لە ئەنجامی چالاکیکانیان مرۆڤێکی زۆری بێ تاوان گیانیان لەدەستداوە، ئەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ بۆنمونە لەگەڵ خەباتکارێک کە نجامی دانانی بۆمب لەناو پاسێک ویان شوێنێکی تر، بۆتە هۆکاری کوشتی کەسێک یان چەند کەسێک ئەبێت چی بکرێت؟ ئایا ئەبێت داوای ئازادی ئەو بکرێت؟**

**مەنسور حیکمەت:** من کەسێک کە بۆمبی لە ناو پاس وفرۆکەی خەڵکی سیڤیل دانابێت ناو نانێم خەباتکار. بەداخەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا بەم شێوەیە کارکراوە لە هەندێک لە بزوتنەوە حەقخوازانەکاندا، وە دواتر لەلایەن هەندێک لە بزوتنەوە کۆنەپەرستەکانەوە وکو هونەری ئینسان کوژی لەژێر ناوی سیاسەتدا بەرەوی پێدراوە. چارەسەرێکی سەرتاپاگیرم نییە لەبەرامبەر ئەمانەدا. پەیوەندی بەدوڵەتیکەوە هەیە کە ئەوان لە کاتی شەڕدان. پەیوەندی بە پێوەری دادوەری ئەو وڵاتەوەو ڕەوایی حقوقیەوە هەیە تێیدا.

پەوەندیی بە باروودۆخی ڕوودانی ئەو ڕوداوەوە هەیە. بەبۆچونی من دۆسیەی ئەو خۆکوژانەی کە هێرشیان کردوەتە سەر ئامانجی ناسەربازی دۆسیەیەکی سیاسی نییە. بۆی هەیە بیانوی جیاوازی سیاسی زۆر بۆ ڕوودانی ئەم ڕوداوانە بهێنرێتەوە وهەتا تاوانەکە سوک بکات ویان بێتاوان دابنرێت، بەڵام خودی دۆسیەکە دۆسیەیەکی سیاسی نییە. لەکۆتاییدا شتێک بیر بهێنینەوە. ئەگەر بڕیاربێت کەسانێک دەستگیر وددادگای بکەن کە بەبۆمب هێرشیان کردوەتە سەر خەڵکی بێ چەک، حەوت هەشت سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی ڕۆژئاوای وسەدان بیرۆکرات وجەنەراڵ وفەرماندەی ئەمریکی وئەوروپی لە ڕیزی یەکەمی تاوانباران دا هەبن. من جیاوازیەک لە نێوان تیموتی مەک وای کە لە ئۆکلاهوما تاوانێکی گەورەی ئەنجامدا وکەسانێک کە بۆمبارانی حەشارگەو خانو قوتابخانەی خەڵکیان دەکرد وە ئەوانەیان هەموو کوشت نابینم.

**خاوەران: ئەگەر وەڵامەکەت نیگەتیڤە لەو دۆخەدا ئەبێت چ دەسەڵاتێک ئەوانە دادگای بکات؟**

**مەنسور حیکمەت:** هێزێک کەلە ڕوی یاساییەوە ڕەوایەتی هەبێت. حکومەتە سەرکوتگەرەکان بەپێی پێناسە ڕەوایەتیان نییە. بەڕای من بۆ دادگای کردنی جەنەراڵ شوارسکۆفەکان وبن لادنەکان و دەتوانرێت هەر لەم دونیای بۆرژوازیەدا دادگای جێگا پەسەند پەیدابکەیت ویان دایمەزرێنیت.

**خاوەران: ئەگەر وەلامەکەت ئەرێنیە لەو دۆخەدەسبارەت بەزیندانی سیاسی پێناسەی ئێوە چیە؟**

**مەنسور حیکمەت:** بەڕای من لیرەدا دوو دەستەواژە هەن کە ئەوانیش زیندانی سیاسی و دیلی جەنگی هەن کە هەردوکیان پەیوەندیان بەم باسەوە هەیە. زیندانی سیاسی کەسێکە کە بەتاوانی چالاکی سیاسی لەدژی دەوڵەتەکەی کردوە زیندانی کراوە. زیندانی سیاسی لەسەر بنەمای پێناسەکەی ئەبێت ئازادبکرێت. هەر نابێت دادگایی کردنێکیش لەگۆڕیدا هەبێت. کەسێک کە چالاکی سیاسی لە دژی حکومەتێک ئەنجام داوە لەبنەڕەتدا هەرنابێت دەستگیر بکرێت. دیل-جەنگیش تاوانێکی نەکردوە و نابێت لە مافە مەدەنیەکانی خۆی ولەناویشیاندا لەئازادییەکانی خۆی بێ بەشبکرێت. وە ئەمە تەنها کێشەی نیوان دەوڵەتان نییە، بەبۆچونی من ئەندامی ئەو ڕێکخراوە پارتیزانانەش کە جەنگیان لە دژی دەوڵەتەکانیان ڕاگەیاندوە و لە کاتی چالاکی سەربازیدا دەستگیر دەکرێن ئەبێت لە هەمان مافی دیلەکانی شەڕی نێوان دەوڵەتەکان بەهرەمەندبن. یاساکانی ئیستا ئەبێت بەقوڵی لەبەرژەوەندی ئەو بەدیل گیراوانە ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت. بەبۆچونی من زیندانی کردنی کەسەکان وڕیگری لە ژیانی ئاساییان ئەبێت قەدەغە بکرێت. بەڵام ئەتوانرێت یاسایەک هەبێت کە هەتا ئەوکاتەی شەڕ کۆتایی دێت ویان دڵنیابون لەوەی کەسەکە ئارەزوی دوبارە بەشداری کردنەوەی نییە بۆ بەشداری لە شەڕدا، ڕیگری دوبارە پەیوەست بونەوەی بەسوپاوە لێبکات. لە کۆتایدا چەمکێکمان هەیە بەناوی تاوانی جەنگ، ئەم چەمکە ئەبێت بەشێوەیکی جدی دوبارە پیداچونەوەی بۆ بکرێت وەلە تەواوی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان هێزی کەسانی بێ چەک و کەلوپەل و هۆیەکانی خۆشگوزەرانیان دەخاتە بەر هێرش لێ دەربکێشرێتە دەرەوە. لەم ساڵانەی دوایدا فراوانترین تاوانەکانی جەنگمان بینی کەلەلایەن سوپاکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناوچەیی لە وڵاتی جۆراو جۆری وەک عێراق ویوغوسلافیا، بینی. ئەمڕۆ تاوانبارانێکی جەنگی زۆر دەبینین کە وەک ڕابەران وقارەمانانی نەتەوەو کورانی نیشتیمان پەرست لە نەتەوەو وڵاتە جیا جیاکان بەشەقامەکاندا ڕاستەو ڕاست بەناو خەڵکدا تێدەپەڕن کە ئەبێت دادگایی ئەوانە ببینین.

**خاوەران: هۆکاری پێداگری وسوربونی موسوڵمانانی بنیاتگەرا (و: بنەڕەتخواز)بۆ کوشتن و سڕینەوەی فیزیکی نەیارەکانیان وبەتایبەتیش ئەوانەی کە جیاواز بیردەکەنەوە لە چیدا ئەبینیت؟**

**مەنسور حیکمەت:** ئەوەی کە ئایا کەسەکە لەسەرەتا حەزی لە ئینسان کوژتن بوە ودواتر ئەبێتە موسڵمانی (بنرەتخواز. وەرگێڕ) بنیادگەرا، یان بەپێچەوانەوە یەکەمجار ئەبێتە موسڵمانی بنیاتگەراو دواتر بەیاسای شەرع ئەبێتە ئینسان کوژ، شتێکە کەمن وەسیلەی لیکۆڵینەوەو وردبینیم لە ودا نییە. بەڵام دڵنیام کە وەڵامی یەکلاکەرەوە هەر لەو یەک ڕستەی ئیدا شاراوەتەوە.

**وەرگێڕانی لە فارسیەوە: کاوە عومەر**



# یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ

## مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە:

## دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین{۱}

### بەشی حەوتەم و کۆتایی...

با کورتی بکەینەوە.

یەکێتیی کۆمۆنیستی لە خستنەڕووی میتۆدۆلۆژیی لێنیندا، گشتیترین و بنەڕەتیترین پایەکانی ئەم میتۆدۆلۆژییەی ئاوەژوو کردۆتەوە:

١) خاڵی لێوەهەستانی لێنین، کە هەمان خاڵی بەفەرزگرتنی هەبوونی بابەتییانە و گرنگی مێژوویی پرۆلیتاریا، وەک ڕابەری شۆڕشەکانی سەردەم، ژێرپێ دەنێ. ئەم فەرزە لێنینیزمییەش لە دەزگای فیکریی یەکێتیی کۆمۆنیستیدا گۆڕدراوە بۆ "پاشکۆ" و "ئەنجام"ێک کە دەبێ لە شیکردنەوەی بار و دۆخی ئابوورییەوە دەربکێشرێتەوە.

بەم شێوەیە یەکێتیی کۆمۆنیستی لایەنگری چینایەتی خستۆتە شوێنی شیکردنەوەی سەروچینایەتی و بابەتییەوە. لێکۆڵەر دیسانەوە لە سەنگەری موفەسیر و دادوەرێکی بێلایەنەوە بڕیاری "گرنگیی مێژوویی چینەکان" دەدا و خۆی لە مەقامی کەسێک کە لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی دیاریکراو و لەپێشەوە پێناسەکراودا و لەسەنگەری چینێکی دیاریکراوەوە، کە بەرژەوەندیدارە، نابینێ و تەنها لە حوکمی "زانست" و بەرئەنجامە "زانستییەکان" کە دراون، پەیڕەوی دەکات.

٢) لەسەر ئەم بناغەیە دیترمینستی ئابووری دەبرێتە جێگای ماتەریالیزمی پراتیک و دەست و پێی توخمی چالاک دەبەستێ و ڕۆڵی لە بەرەو پێشەوەبردنی مێژووی واقیعیدا دەخاتە ژێر تیشکی موقەدەراتێکی حەتمییەوە، کە بەرئەنجامی بار و دۆخی ئابوورییە.

٣) ئەم دیترمینیزمە ئابوورییە، سەرەڕای ئەوەی لە چوارچێوەی وڵاتی و نیشتمانیدا قەتیس دەمێنێتەوە (ئەنجامگیریی ستراتیژیی شۆڕش لە فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دەرککردنی لە مەودای ڕووتی نیشتمانییەکەیدا) دیسانەوە مەیدانی کار لەبەردەم پرۆلیتاریادا تەنگ دەکاتەوە. لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە لە وڵاتێکی دواکەوتوودا (لە چەشنی ڕووسیای ٩٠٥) ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەبێتە مایەی دواخستنی شۆڕش و کاری شۆڕشگێڕانە تا سەر ئاستی لە دواوە ڕۆیشتن و ڕەدووکەوتنی ڕیفۆرمیزم و لیبراڵیزمی بۆرژوازی.

ئەم میتۆدۆلۆژییە لە ئاکامی مەنتیقی خۆیدا، ئەنجامگیری ڕۆشنی مەنشەڤیکییانەی بەدواوە دەبێ. میتۆدۆلۆژیی یەکێتیی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی پەیگیرانە لە لایەن مەنشەڤیکەکانەوە بەکار هێنراوە. خودی یەکێتیی کۆمۆنیستی بۆ ئەوەی خۆی نەخاتە بەرامبەر لێنینەوە، هەروەها بۆئەوەی هەڵوێستی لێنین بەدەر لە "ڕێ و ڕەوشتەکان" لە شۆڕشی دیموکراتی و ڕابەریی پرۆلیتاریا لە بزووتنەوە ناسۆسیالیستییەکاندا، لەگەڵ هەڵوێستەکانی خۆیدا سازگار نیشان بدات، ناچار بووە بەوەی کە لە سنووری هەمان میتۆدۆلۆژیدا ئەوەی بابەتییە دەستکاری بکات و ئابوورییەک دابتاشێ کە هەڵوێستەکانی لێنین "دەیخوازێ". ئابوورییەک دابتاشێ کە لە یەک کاتدا دەرەبەگایەتییە و لە یەک کاتی تردا سەرمایەدارییە. شۆڕشێک دابتاشێ کە لە یەک کاتدا دیموکراتییە و لە یەک کاتی تردا سۆسیالیستییە. لێنینێک بخاتە بەرچاو کە لە یەک کاتدا مارکسیستێکی عەلەنییە و لە کاتێکی تردا هەواداری فۆرموولبەندییەکانی ترۆتسکییە!

بەڵام بە هەمان شێوە کە لەو گوتەیەدا، کە لە وتاری "بەرنامەکەمان"، هێنامانەوە، بینیمان ڕەخنەی خودی لێنین لە میتۆدۆلۆژی پاسیڤیستانەی مەنشەڤیکەکان و ئیکۆنۆمیستەکان و هەڵوێستی لەمانە زۆر ڕۆشنترە. لە سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکاندا، ئەوە پرۆلیتاریای ڕووسیایە وەک بەشێک لە لەشکری جیهانیی چینی کرێکار، لە وڵاتی ڕووسیادا، لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپ بەرەو ڕووە، کە هەنگاوهەڵهێنانەوەی خێرا بەرەو سۆسیالیزم بۆی بۆتە کارێکی مەحاڵ. بەڵام شۆڕشێکی تر، یانی شۆڕشی دیموکراسی و هەمە خەڵکی کە بەپێی خاسییەتەکانی خۆی ئەو کۆسپانەی کردۆتە ئامانجی خۆی، بەم هۆیەشەوە نەک هەر شۆڕشێکی لەتوانابوودایە، بەڵکوو لە سەرەتای سەدەدا ڕووداوێکە خەریکە ڕوو دەدات، پرۆلیتاریا نەک هەر نابێ بەهۆی نا سۆسیالیستیبوونی ئەم شۆڕشەوە خۆی بکێشێتە کەنارەوە، تەنانەت نەک هەر نابێ بە حوکمی خشتە تیۆرییە مەنشەڤیکییەکان، ڕابەرییەکەی بە بۆرژوازی بسپێرێ، بەڵکوو دەبێ وەک ڕابەرێک لەم شۆڕشەدا بەشداری بکات. چونکە ئەوە تەنها خودی پرۆلیتاریایە کە دەتوانێ خەسڵەتێکی بەهادار بەم شۆڕشە ببەخشێ، کە لە سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکاندا بۆی پەیدا بووە. یانی گۆڕینی ئەم شۆڕشە بە پێشینە و زەمینەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی، شۆڕشێک کە تایبەتە بە چینی کرێکار. بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئەوە شۆڕشی ٩٠٥ دەگۆڕێ بۆ یەک ڕیفۆرمی ناتەواو کە لەچاو مێژووودا لەدواوەیە و لانی زۆر دەیکاتە کاریکاتۆرێک لە "شۆڕشە گەورەکان"ی بۆرژوا- دیموکراتیکی سەدەکەنی ڕابردوو. ئەگەر پرۆلیتاریا وەک ڕابەرێک لەم شۆڕشەدا بەشداری بکات، ئەوا دەبێ وەک ڕابەری حوکوومەتێک کە لەم شۆڕشەوە پەیدا دەبێ، بەشداری بکات. چونکە شۆڕش بۆ دەسەڵاتی سیاسییە و دەسەڵاتی سیاسیش ئامرازی تێکوپێکشکاندنی "لەسەرەوە"ی بەرگریی دژە شۆڕشە.

ئەمە ئەو لایەنەیە کە یەک ڕابەری ئینتەرناسیۆنالیستیی چینی کرێکار لێیەوە بۆ بەرەی شۆڕش لە ڕووسیادا دەڕوانێ، ئەمە ئەو لایەنەیە کە خودی ئەو ڕابەرە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر شی کردۆتەوە. ئەمە هەمان ئەو دەرکە ڕۆشنەیە کە بڕیارە لێرە و لەوێی ڕستە دروستکراوە بێ ناوەڕۆکەکانی وەک "هاوسێی و نا هاوسێی"، پەیوەندیی "ئابووری و سیاسەت" و نموونەکانی تری وەک ئەمانە گرد و کۆ بکرێتەوە، تا لیبراڵ چەپەکانی ئەمڕۆ، دوای تێپەڕبوونی ٨٠ ساڵ بتوانن ئەنجامە مەنتیقییەکانی مەنشەڤیزم ئاوێزانی خۆیان بکەن و بەناوی کۆمۆنیزم و لێنینەوە بهێڵنەوە.

* * *

ئەم بەشە لێرەدا تەواو دەکەین. بەڵام بۆ تەواوکردنی باسەکە، پاشکۆیەکی سەربەخۆمان دەربارەی بۆچوونە ئابوورییەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی لە کۆتایی هەر ئەم بەشەدا هێناوەتەوە. هەر وەکوو پێشووتریش گرێ جەوهەرییەکانی "تیۆری ئامادەسازیی شۆڕش" و مەسەلەی هەڵوێست لە دەسەڵاتی سیاسیمان لە پەیوەند بەو شۆڕشانەوە کە هەلومەرج بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا تیایاندا ئامادە نییە، ڕۆشن کردەوە. لە بەشەکانی دواتردا باس لە مەسەلەی "دەسەڵاتی سیاسی" دەکەین و بە شێوەیەکی دیاریکراو لە بارەی ئەم خاڵانەوە دەدوێین:

١) دەرکی یەکێتیی کۆمۆنیستی بۆ پەیوەندیی نێوان دیموکراتی و سۆسیالیزم. ئەمەش مەسەلەیەکە لە بۆچوونی لێنیندا بەتایبەت لە داڕشتنی ستراتیژیی عەمەلیی شۆڕشی پرۆلیتاریادا ڕۆڵی بڕیاردەری هەیە. هەر بەو جۆرەی کە بینیمان یەکێتیی کۆمۆنیستی لە شیکردنەوەی خودی لێنیندا، ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی ڕەها لە قەڵەمەوە دێنێتە خوارەوە و لە "تیۆری ئامادەسازی"دا خودی پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم ئاوەژوو دەکاتەوە. بە هەرحاڵ چاوپۆشی لە هەر ئاماژەدانێکی تیۆری، یەکێتیی کۆمۆنیستی لە شۆڕشی ١٩٧٩دا خۆی بە خەباتێکەوە کە ڕووی لە دیموکراسی و بەدەستهێنانی مافە دیموکراتیکییەکانە پەیوەست کردووە. بەڵام لە بەشی داهاتوودا ئەوە نیشان دەدەین، کە چۆن لەم چوارچێوە دیاریکراوەشدا، تیۆری "ئامادەسازیی شۆڕش" بەکردەوە دەگۆڕدرێ بۆ کۆمەڵە خواستێکی نیوەناچڵی لیبراڵی.

٢) مەسەلەی حوکوومەتی کاتیی شۆڕشگێڕ. ئایا حوکوومەتی کاتیی شۆڕشگێڕ خەیاڵێکە؟ لە بەشی دواتردا دەبینین کە چۆن خەباتی شۆڕشگێڕانە لە پێناو دیموکراسیدا، بەپێی قسەی خودی یەکێتیی کۆمۆنیستی کە نابێ ڕوو لە خواستی حوکوومەتێکی دیموکراتیی شۆڕشگێڕ، وەک ئامانجێکی تاکتیکی بنێ و لەم پەیوەندەشدا پێناسەی بۆ ناوەڕۆکی سەرکەوتنی "شۆڕشی سیاسی" وردتر هەڵدەسەنگێنین. (لە وتاری "دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا"، کە لەم ژمارەیەی "بەرەو سۆسیالیزم"دا هاتووە، ئاماژەمان بە هەندێ خاڵ لەم بارەیەوە کردووە)، هەروەها لە بارەی بەڵگەهێنانەوەیەکی کۆنی یەکێتیی کۆمۆنیستی کە لەدژی حوکوومەتی دیموکراتیی شۆڕشگێڕ، دەیهێنێتەوە، دەدوێین. کە پێشتر بە هەمان شێوە لە لایەن (پارڤوس) فۆرموولە کراوە و لە لایەن لێنینەوە وەڵامی وەرگرتۆتەوە. پرسیارێک کە دەبێ وەڵامی پێ بدەینەوە ئەوەیە "ئەگەر چینی کرێکار لەسەر سەری شۆڕشێکی دیموکراسی ڕاوەستا بێت و لە حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕانەدا باڵادەست بێت، بۆچی ئەمە بە مانای شۆڕشی سۆسیالیستی نییە"، وە یان بە

بۆ لاپەڕە 12

## درێژەی...مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە...

بەیانێکی تیۆری تر، "ئەگەر پرۆلیتاریا هێزی بزوێنەر و توخمی چالاکی شۆڕشی دیموکراتی و سۆسیالیستی و هەردووکیان بێت، ئەو کاتە چۆن دەکرێ هەلومەرجی خۆیی بۆ یەکێکیان ئامادە بێ و بۆ ئەوی تریان ئامادە نەبێ". زەینیگەرایی و ئاکادیمیزمی زاتی ئەم "نارۆشنییە" ئەخەیەنە ڕوو.

٣) بە هەمان شێوە تاکتیکی بوون بە "ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراوی دوای شۆڕش"، دیسانەوە فۆرموولبەندییەکی نوێ نییە. ئەمە هەمان تێزی کۆنی مەنشەڤیکەکانە و ئێمە بە بەشی خۆمان ئاماژەمان بە خەسڵەتە بۆرژوا- لیبراڵییەکەی ئەم سیاسەتە دا.

٤) وە لە کۆتاییدا پێویستە بۆ خودی یەکێتیی کۆمۆنیستی وەک بابەتێک کە "لە دەرەوەی هۆش"دایە و وەک هۆشیارییەکی "ماتەریالیزەبوو" سەرنجێک بدەین. لە بەشی داهاتوودا بە پشتبەستن بە بەیاننامە و وتارە تاکتیکییەکانی ئەم ڕەوتە، جێگا واقعییەکەی لەنێو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامیدا نیشان دەدەین. لێرەشدا زۆرتر لەگەڵ ئاکامە سیاسییە ڕاستڕەوییەکان و فۆرموولە تیۆرییەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی ئاشنا دەبین.

**ڕوونکردنەوەکان:**

{١} ئەم بابەتە بەشێکە لە وتارێکی مەنسوور حیکمەت بەناوی "یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ"، کە بە دوو بەش لە گۆڤاری تیۆریک سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، "بەرەو سۆسیالیزم"، ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کراوەتەوە.

{٢} لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ تێزەکانی مارکس سەبارەت بە فۆیەرباخ. لە بارەی دەستەواژەی "ماتەریالیزمی پراتیک"ەوە بگەڕێرەوە بۆ "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، فۆیەرباخ، بەرابەرکێی تێڕوانینی ماتەریالیستی و ئایدیالیستی". (هەڵبژاردەی سێ بەرگی/ دانراوەکانی مارکس و ئەنگڵس بە زمانی ئینگلیزی، لاپەڕە ٢٧). "لە ڕاستیدا بۆ ئێمە ماتەریالیستی پراتیک، یانی کۆمۆنیست، بە مانای بە شۆڕشداکێشانی جیهانی مەوجودە، یانی مەسەلەمان پەلاماردان و ئاڵوگۆڕپێدانی هەموو ئەو دیاردانەیە کە هەن" (هێڵەکانی جەخت هی ئێمەن).

{٣} نموونەی هەڵوێستگرتنی یەکێتیی کۆمۆنیستی لە کوردستان، ئەم دیدگا ناسیۆنال- پیشەسازییە، ڕیسوا دەکات. ئەنجامگیری جەنابان لە "فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان" لە کوردستان، ئەوانی بە هەڵوێستگرتنێکی سەرسووڕهێنەر سەبارەت بە خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە لەم سەرزەوییە گەیاندووە. لە ڕووکەشدا کوردستان ئەو شوێنەیە کە نەک چینی کرێکار، بەڵکوو حیزبی دیموکرات "لە باری مێژووییەوە گرنگ" هەڵسەنگێندراوە! لەم بارەیەوە وەڵامی ئێمە، بە دەربڕینەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی سەبارەت بە هەبوون و نەبوونی پرۆلیتاریا لە کوردستان، بگەڕێرەوە بۆ وتارەکانی شوعەیبی زەکەریایی و مەنسوور حیکمەت کە بەدوای یەکدا، لە پاشکۆی بڵاوکراوەی "پێشڕەو"ی ژمارە٩ و "کۆمۆنیست"ی ژمارە ٢٢دا بڵاو کراونەتەوە.

**سەرچاوە: در نقد وحدت کمونیستی، بخش دوم - مارکسیسم و پراتیک انقلابی: در باره متدولوژی لنین - بسوی سوسیالیسم، دوره دوم - شماره ۲، آذر ١٣٦٤**
**وەرگێڕانی: خەسرەو سایە**

**هونەر و ئەدەب ئەگەر نەتوانێت واقعیەتی ژیان و گوزەرانی زوربەی کۆمەڵگە، خەبات و تیکۆشان و خولیاکانی بۆ باشتر کردن و جوانکردنی ژیان و ئینسان دۆستی، نیشان بدات، هونەر و ئەدەبی بەرگری لە کەمایەتیەکە، بۆ هێشتنەوەی دۆخی باو... هونەری راستەقینە دژی دۆخی باوە!**

## درێژەی دوا وتە

شکایەوە. سەرانی دوڵەتی ئیسرائیلی لەپاڵ سەرانی حەماسدا خستە قەفەزی تاوانباری جەنگەوە. چەندین وەزیری کابینەکەی نەتانیاهۆ دەستیان لەکار کێشایەوە... پیگەی ئەمریکای لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لاواز کرد و لە ئاستی جیهانیدا بزوتنەوەی دژە شەرو دژە ئیسرائیلی و ئەمریکایی تا ئەو رادەیە هەڵکشا، کە کارنامەی نەفرەت ئامیزی حەماسی ئیسلامی کردە ژێر سێبەری خۆیەوە.

ئەم دۆخە بەجێگایەک گەیشت، کە خیرایی لە بریاری جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانی خیرای ئەمریکاو غەرب لەسەرەتادا چەند بوو، هێندەش پرسی کۆتاییهێنان بەم جەنگەو ئاگرە بووە، پیداویستی دەوڵەتی ئەمریکاو ئیسرائیل. بەتایبەتی ئەمریکا هێندە کەوتە ژێر گوشارەوە کە ناچار بوو لە جیگای دەوڵەتی ئیسرائیل هەنگاو بنێت.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەوڵەتی ئیسرائیل پێشنیاری ئاگر بەستی زوو قبوڵ کرد و کە زۆربەی بەندەکانی پێچەوانەی بانگەشەکانی پێش جەنگن، بەڵام هێشتا حەماسی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا رەتی نەکردۆتەوە، بەڵام هێشتا چاوەروانی وەرگرتنی ئیمتیاز!!ی ترە. دەیەوێت لەچاوی رای گشتی دنیاو بەتایبەتی لە دنیای عەرەب و ئیسلامیدا، وەکو پاڵەوانی بەرگری لە خەڵکی فەلەستین لەبەرامبەر بە داگیرکاری ئیسرائیلدا مۆری سەرکەوتن بدەن لە بەرۆکیان!!

بزوتنەوەی دژە شەڕ و دژە داگیرکاری و کوشتاری کوێرانەو دەست ئەنقەستی دەوڵەتی ئیسرائیل، نەک تەنها لەسەر شەقامەکان و نە تەنها کرێکاران و ریکخراوە کریکاریی و نەقابەکان، بەڵکو بزوتنەوەی خوێندکارانی لەناو خۆی ئەمریکا و چەندی وڵاتی تر تا ئەو ئاستە هێناوەتە مەیدان کە مەیدانی زانکۆکان بوونەتە مەیدانی دادگایی ئەمریکا و غەرب... خەڵکی ناوخۆی ئیسرائیل هاتوونەتە مەیدان... ئەم بزوتنەوەیە بەجیا لە کاریگەرییەکانی لە ئاستی جیهانی و ریسواکردنی دیموکراسی هاوکات هەر ئیستا بۆتە کەیسێکی کاریگەر لەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمریکا.

بۆیە ئەگەر پێشوو ئیسرائیل و ئەمریکا پێویستیان بە جەنگ بوو، ئێستا جەنگ بە بن بەست گەیشتووە، ئاگر بووە بە قیبلەنومایان و دەیانەوێت زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە. ئاخر جەنگ بەجیا لە هەموو لایەنەکانی تائیستای خەریکە ئەو بارمتانەش کە لەژیاندا ماون بەدەستی سوپای ئیسرائیل یان لەناو دۆزەخی جەنگدا، کۆتاییان پێ بێت...

نەبوونی بەرنامەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ دوای داگیرکردنی غەززە لەلایەک و نەتوانینی مانەوەی لە ناو غەززەدا لەلایەکی تر... لەپاڵ بزوتنەوەی جیهانی دژە جەنگدا، ئەو کابووسەیە تەنها ئاگر بەست دەتوانێت ڕیگایەکی کارسازو هاوکات ناچاری بێت.

ئاگر بەست و ئاگربەستی یەکجاری و چوونەدەرەوەی سوپای ئیسرائیل لە غەززە و ئازادکرنی گیراوەکانی هەردوولا و گێرانەوەی بارمتەکان بۆ ناو کەس و کاریان. دەستبردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی غەززەی ویران... لە ئێستادا، دەتوانێت نەک تەنها ئارامی بۆ غەزەو ئیسرائیل و فەلەستین بگێڕیتەوە، بەڵکو دەتوانیت تەواوی دۆخی ناوچەکە لە خوێن بەربوونێکی رۆژانە رزگار بکات کەشێکی لانی کەمی دڵخواز بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بکات.

دەوڵەتی ئیستای ئەمریکا و جۆبایدن کە لە ئیسرائیل زۆتر پەلەیەتی جەنگ کۆتایی بێت، بەجیا لەوەی دەیەوێت قەرەبووی شکستی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی بەهۆی داگیرکاری ئیسرائیل و جەنگی ئیستاوە قەرەبووبکاتەوە، هاوکات دەیەوێت ئەو کەیسە وەکو دۆسیەکی هەڵبژاردنەکان کەڵک لیوەر بگرێت. ...

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
میرۆ عبدالکریم، ڕێبوار حەمە شەریف، بنار مستەفا، وریای ڕەسام، خالید بایەزیدی، بەندی عەلی، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، ڕۆمان ئامینە ...

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

# هۆنراوەی بەندی عەلی

دەست و پەنجە لەگەڵ هەموو
دوژمنێکدا، تێکەڵ دەکەن ..
لەگەڵ گورگ و
سن و کولەو
ملـەو گـەنـەو ژەنگی گەنم،
(چنگی برسێتی لە ملی قێژە گیرە)
دەست و پەنجە لەگەڵ هەموو
دوژمنێکدا، تێکەڵ دەکەن ..
لەگەڵ کۆت و
گوریس و کەلەبچەو پێ بەند،
(گۆڕمی هەنگاو لەجێی خۆیدا
گۆچ و ئیفلیج و پەخسیرە)
دەست و پەنجە لەگەڵ هەموو
دوژمنێکدا، تێکەڵ دەکەن ..
لەگەڵ کێردو
تەورو چەقۆو کۆتەو قولاپ،
(گەل لە خەیاڵی مێگەلا، گۆشەگیرە)
دەست و پەنجە لەگەڵ هەموو
دوژمنێکدا، تێکەڵ دەکەن ..
*******

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام




دوا وتە

# بن بەست...
# ئاگربەست!!

عەبدوڵا مەحمود

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی سەرئەنجام و دوای چەندین هەوڵی یەک لەدوای یەک، پرۆژە یاسایەکی ئەمریکای بۆ ئاگر بەستی نیوان ئیسرائیل و حەماس پەسەند کرد..

جەنگی هەشت مانگەی نیوان دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژێ حەماس و کوشتارێکی بێ وینەی خەڵکی مەدەنی و جینۆسایدێکی ئاشکرا کە دەوڵەتی ئیسرائیل بەپشتیوانی ئەمریکا و غەرب ئەنجامیدا، سەرئەنجام لەگەڵ وێرانکردنی غەززە و خاپورکردنیدا، خودی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکای پشتیوانی ڕووبەڕووی داروخانێکی شەرماوەر کرد.

وا بریار بوو دەوڵەتی ئیسرائیل لە تۆڵەی کردەوەی ٧ ئۆکتۆبەر، لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا حەماس بنەبڕ بکات و پێکی پیرۆزی سەرکەوتن لەسەر لاشەی حەماس، بنۆشن. کەچی دوای درێژە کێشانی چەند مانگ لەجەنگ و بەربەریەتێکی زاخاودراوی مۆدێرنەی دیموکراسی لەدژی هەموو بونەوەرەکانی غەززە و کوشتارێکی بێ وینەی خەڵکی سڤیل و بێ ڕتوشی دیموکراسیانە و وێرانکارییەکی دەگمەن لە دنیای هاوچەرخی ئیستادا، لە ژێر گوشاری دەنگی نارەزایەتی بەرینی دنیای ئازادیخواز و لە ئاکامی ئەو ریسواییەی کەم وێنەیەی ئەمریکا و غەرب بەچوونە پشتی ئیسرائیل ئەنجامیاندا، ناچار بوون بیر لە ڕێگاچارەیەک بکەنەوە، ڕێگاچارە نەک بۆ کۆتاییهێنان بە حەماس و جیهادی ئیسلامی، بەڵکو بۆ بەرگرتن بەو بن بەستەی یەخەگیری دەوڵەتی ئیسرائیل هاوپەیمانەکانی بووە. بریار بوو بە لێدان و کۆتاییهینان بە حەماس و جیهادی ئیسلامی، کێشەی مێژووی فەلەستنیش کفن و دفن بکەن. ویستیان ئەو بێدەنگی و خودزینەوەیەی چەندین ساڵەیان بەهۆی سازش و بێدەنگی دنیای عەرەب، لە پەیوەند بە کێشەی فەلەستینەوە هاتبووە ئارا، لەم جەنگەدا بە ئاکامی خۆی بگات و ئەم دۆسییە دابخەن، کەچی جەنگ لەجێگای ئەوەی دۆسیەکە دابخات، دۆسیەکەی گەرم و داخ کردەوە و کردیەوە بە پرسی ڕۆژ. پشتیوانی نێودەولەتی بۆ زیاد بوو، چەندین دەوڵەتی تر دانیان نا بە دەوڵەتی فەلەستیندا. لەناو ئەنجامەنی نەتەوە یەکگرتووەکان فەلەستین جیگەی گرت... دیارە ئەمانە قوربانیەکی زۆری ویست و ئەگەر لەلایەکەوە بە نرخی کوشتارێکی کەم وینەی خەڵکی فەلەستین تەواو بوو، لە لایەکی ترەوە بە شکانی هەیمەنەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە ئابروچوونی دیموکراسی بۆرژوای

بۆ لاپەڕە 12